کتێبی گیرفان
139

ماتیو بوکۆڤاك
وەرگێڕانی
د. بایەزید حەسەن عەبدوڵڵا

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

دەوڵەتە شکستخواردووەکان

وڵاتە ناسەقامگیرەکان لە سەدەی بیستویەکەمدا

ماتیو بوکۆڤاك

دەوڵەتە شکستخواردووەکان

وڵاتە ناسەقامگیرەکان لە سەدەی بیستوویەکەمدا

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە
د. بایەزید حەسەن عەبدوڵڵا

زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم
کتێبی گیرفان ژمارە (١٣٩)

سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە
ئازاد بەرزنجی

www.sardem.org

■ دەوڵەتە شکستخواردووەکان وڵاتە ناسەقامگیرەکان لە سەدەی بیستوویەکەمدا

نووسینی: ماتیو بوکرفلک
لە ئینگلیزییەوە: د. بایەزید حەسەن عەبدوڵڵا
بابەت: لێکۆڵینەوە
دیزاینی ناوەوە: ڕەوشت محەمەد
دیزاینی بەرگ: ئارام عەلی
تیراژ: ٥٠٠ دانە
نرخ: ١٥٠٠ دینار
چاپی یەکەم: چاپخانەی (سەردەم) سالّی ٢٠١٥ کوردستان ـ سلێمانی
لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە (١٦٤٠)ی سالّی ٢٠١٥ی پێدراوە

■ مافی لەچاپدانەوەی بۆ دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم پارێزراوە©

ناوەرۆك

بەشی یەکەم، دەوڵەتی شکستخواردوو چییە؟

پێناسەکردنی دەوڵەتی شکستخواردوو ٧

دەوڵەتانی شکستخواردوو لە میدیادا ٩

بەشی دووەم، چۆن دەوڵەتان شکست دێنن؟

عێراق ١٤

حوکمڕانیی سەدام حسێن ١٥

پشێوی لە عێراقدا ١٨

سۆمال ٢٠

زیادبوونی توندوتیژی ٢١

نەبوونی یاسا و چەتەگەریی دەریایی ٢٢

پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ ٢٤

پاکستان ٢٦

پشێویی سیاسی ٢٧

تاڵیبان ٢٩

بوومەلەرزە و ئاوارەیی ٢٩

کۆریای باکوور ٣٠

حکومەتێکی تۆتالیتاری ٣١

بەڵێن و هەڕەشەکان ٣٢

پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان ٣٤

بەشی سێیەم: دۆزینەوەی چارەسەر

سندوقی دراوی نێودەوڵەتی و بانکی نێودەوڵەتی .. ٣٦

ڕێکخراوی پەیمانی باکووری ئەتڵەسی و... ..... ٣٨

بەشی چوارەم: ڕێگەی بەرەو هەستانەوە

هەماهەنگیی نێودەوڵەتی ٤٣

وەبەرهێنانی ژێرخان ٤٥

بەشداریکردن لە ئابووریی جیهاندا ٤٨

بە کەرتی تایبەتکردن و گەشەکردن لە چیندا ٥٠

بەشی پێنجەم: ڕوانین لە ئایندە

پێشبینیکردنی دەوڵەتانی شکستخواردوی ئایندە .. ٥٤

مەکسیک ٥٤

عەرەبستانی سعودی ٥٨

تایلەند ٦١

ئەنجام ٦٤

بەشی یەکەم
دەوڵەتی شکستخواردوو چییە؟

لە ناو دەریا، دوور لە کەنارەکانی سۆمال، چەتەکانی دەریا هێرش دەکەنە سەر کەشتییە بارهەڵگرەکان. کۆریای باکوور کار لەسەر دانانی بەرنامەیەکی چەکی ناوکی دەکات، کە پێشێلکردنی یاسای نێودەوڵەتییە. لە بەشی باکووری پاکستان شەڕی بەردەوامی سوپای پاکستان لەگەڵ تاڵیبان ملیۆنان دانیشتوانی ئەو ناوچەیەی دەربەدەر کردووە. پێنج ملیۆن منداڵی هەتیو لەسەر شەقامە وێرانبووەکانی عێراق ژیان بەسەر دەبەن و بوون بە ئەندامی میلیشیا چەکدارەکان کە لەگەڵ یەکتر شەڕ دەکەن. ئەو ڕووداوانە لەو وڵاتانە ڕوو دەدەن، کە بە دەوڵەتی شکستخواردوو ناسراون. دەوڵەتی شکستخواردوو ئەو وڵاتانەن کە حکومەتەکانیان لە بەجێهێنانی بەرپرسیارێتییە بنەڕەتییەکانیان شکستیان هێناوە.

چەند هۆیەک هەیە بۆ شکستهێنانی دەوڵەتان. هەندێک جار کارەساتی سروشتی، وەک بوومەلەرزە کە وڵاتێک وێران دەکات و ژێرخانەکەی کاول دەکات و حکومەتەکە ناتوانێ یارمەتیی ئەوانە بدات، کە بەو کارەساتە زیانیان لێکەوتووە. هەندێک جار جەنگ و ململانێی سیاسی وا لە دەوڵەتەکە دەکەن کە شکست بێنێ. هەندێک جار حکومەتی نیشتیمانی کۆنترۆڵی بەسەر ناوچەیەکی وڵاتەکەدا نامێنێ یان ناتوانێ پێداویستییە بنەڕەتییەکانی ژیان بۆ هاوواڵتییەکانی دابین بکات. بە وتەکانی ئەشرەف غەنی و کلارا لۆکهارت کە دانەری کتێبی (چارەسەرکردنی دەوڵەتە شکستخواردووەکان)ن، زیاتر لە یەک ملیار کەس لە زیاتر لە چل وڵاتی دەوڵەتانی شکستخواردوودا دەژین.

ئەوانەی کە لە دەوڵەتە شکستخواردووەکاندا دەژین، بە زۆری هەژارن. کاتێک حکومەتێکی دەوڵەتێکی شکستخواردوو لاواز دەبێ یان بوونی نامێنێ، ئەوا بە زۆری ناتوانێ چالاکانە دژی تاوان لە ناو سنووری وڵاتەکەیدا بجەنگێ. ئەمەش بارودۆخێکی وا دێنێتە کایەوە، کە زۆر گونجاو بێ بۆ دروستکەرانی دەرمانی نایاسایی و تیرۆریستەکان و هەر گرووپێکی تر کە لە بارودۆخێکدا گەشە بکات یاسای تێدا نەبێ. دەوڵەتە شکستخواردووەکان هەر بە تەنیا زیانیان بۆ ئەو

هاوولاتییانه نابێت که له ناو سنوورەکانیاندا دەژین، بەڵکو زیانیان بۆ سەرجەم کۆمەڵگەی سەر زەوی دەبێت.

لەگەڵ ئەوەشدا هەموو دەوڵەتە شکستخواردووەکان حکومەتی شکستخواردوویان نییە. بە پێچەوانەوە، ئەو دەوڵەتە سەقامگیرانەی کە دان بە مافە بنەڕەتییەکانی هاوولاتیانیاندا نانێن یان نایانەوێ پەیوەندییەکی ئاشتییانە لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا دروست بکەن، دەکرێ وەک دەوڵەتی شکستخواردوو پێناسە بکرێن.

پێناسەکردنی دەوڵەتێك
وەك دەوڵەتی شکستخواردوو

ساڵی ١٩٩٦، سەرۆکی سندوقی کۆمەک بۆ ئاشتی، دکتۆر پاوڵین ئێچ بەیکەر، سیستەمێکی دانا بۆ پێناسەکردنی دەوڵەتە شکستخواردووەکان. سندوقی کۆمەک بۆ ئاشتی کە لە ساڵی ١٩٥٧ دامەزراوە، ئەم ڕێکخراوە ڕێکخراوێکی توێژینەوەی سەربەخۆیە و بارەگاکەی لە *واشنتۆن دی.سی*یە و بۆ بەودان بە ئاشتیی بەردەوام تەرخان کراوە و کار بۆ دەستنیشانکردنی هۆیەکانی ناکۆکی لە جیهاندا دەکات.

بە سیستەمەکەی بەیکەر کە بۆ پێناسەکردنی دەوڵەتە شکستخواردووەکانە، دەوترێت ئامرازی سیستەمی هەڵسەنگاندنی ناکۆکی (Conflict Assessment

(System Tool (CAST)). سالی ۲۰۰۹، سندوقی کۆمەکی ئاشتی، ئامرازی سیستەمی هەڵسەنگاندنی ناکۆکیی بەکار هێنا بۆ هەڵسەنگاندنی ۱۷۷ وڵات. هەموو ئەو وڵاتانەی کە لە لایەن سندوقی کۆمەکی ئاشتییەوە هەڵسەنگێنران، ئەندامی نەتەوە یەکگرتووەکان (UN) بوون. ئامرازی سیستەمی هەڵسەنگاندنی ناکۆکی کۆمپیوتەر بەکار دێنێ بۆ پێداچوونەوە بە سەدان هەزار وتاری گشتی و ڕاپۆرت کە پەیوەندییان بە هەلومەرجە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی هەر وڵاتێکەوە هەیە.

سندوقی کۆمەک بۆ ئاشتی سالی جارێک ئەو داتایانە کۆ دەکاتەوە. هەر لە دوای کۆتاییهاتنی ماوەی کۆکردنەوەی داتاکان، پسپۆران ئەو داتایانە هەڵدەسەنگێنن. سندوقی کۆمەک بۆ ئاشتی، لەسەر بنچینەی هەڵسەنگاندنی ئامرازی سیستەمی هەڵسەنگاندنی ناکۆکی و بۆدەرکەوتنەکانی نمرە بۆ هەر وڵاتێک دادەنێ. ئەو وڵاتانەی نمرەی نێوان ۹۰ و ۱۲۰ یان دەدرێتێ، بە دەوڵەتی شکستخواردوو دادەنرێن.

لە سالی ۲۰۰۵ەوە سندوقی کۆمەک بۆ ئاشتیی سالانە لیستی دەوڵەتە شکستخواردووەکان بڵاو دەکاتەوە. لیستی دەوڵەتە شکستخواردووەکان بریتییە لە لیستێک کە ناوی هەر دەوڵەتێکی تێدایە کە لە لایەن

ئامرازی سیستەمی هەڵسەنگاندنی ناکۆکی نرخاندنی بۆ کراوە لەگەڵ ئەو نمرەیەی کە پێی دراوە. ساڵی ٢٠٠٩ سیوهەشت دەوڵەت بە دەوڵەتی شکستخواردوو پێناسە کران و خرانە ناوچەی ئاگادارکردنەوەوە. ئەو ناوچەیە بەشێکی لیستەکەیە و بۆ ئەو دەوڵەتانە تەرخان کراوە، کە نمرەی زۆریان دراوەتێ. نەتەوە یەکگرتووەکانیش ئەو لیستە بە لیستێکی دیاریکەری دەوڵەتە شکستخواردووەکان دادەنێ.

دەوڵەتە شکستخواردووەکان لە میدیادا

هەرچەندە هەموو ساڵێک دەیان وڵات دەخرێنە لیستی ڕێبەری دەوڵەتە شکستخواردووەکانەوە -بە شێوەیەکی ئاسایی ژمارەکە نزیکەی لە نێوان ٣٠ بۆ ٤٠ وڵاتدایە- تەنیا ژمارەیەکی کەمی ئەو وڵاتانە سەرنجی میدیا ڕادەکێشن. بە زۆری، کاتێک دەوڵەتە شکستخواردووەکان سەرنجی میدیا ڕادەکێشن، کە کێشەکانیان لە سنوورەکانیان بڕۆنە دەرەوە و ڕاستەوخۆ کاریگەرییان لەسەر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەبێ. بۆ نموونە، دەوڵەتی شکستخواردووی عێراق زۆر جار دەبێتە مانشێتی میدیاکانی جیهان بە هۆی ئەو کێشە سەربازییانەی لەوێ بەردەوامە. سۆماڵ کە دەوڵەتێکی شکستخواردووە، بە هۆی زیادبوونی هێرشی چەتەکانی

دەریا بۆ سەر کەشتییە بارهەڵگرەکان بەرامبەر کەنارەکانی دەریای ئەو وڵاتە، بووە بە سەرچاوەی هەواڵەکانی ئەم دواییە. پاکستانیش بە زۆری لە هەواڵەکاندا باس دەکرێت بە هۆی بێتوانایی حکومەتی ئەو وڵاتە بۆ بەرەنگاربوونەوەیەکی کاریگەرانە دژی ئەو تیرۆریستانەی کە ئەو وڵاتە وەک پەناگە بەکار دەهێنن. دەوڵەتێکی تری شکستخواردوو کۆریای باکووڕە و کاتێک ساڵی ٢٠٠٣ لە پەیمانی بڵاونەبوونەوەی چەکی ناوکیی نەتەوە یەکگرتووەکان کشایەوە، بوو بە بابەتی سەرنجی میدیاکان. نزیکەی هەموو ئەو وڵاتانەی کە خاوەن سەروەرین لەسەر گۆی زەوی، ئەو پەیمانەیان واژۆ کردووە. ئامانجی ئەو پەیمانە سنووردانانە بۆ بەرهەمهێنان و بڵاوبوونەوەی چەکی ناوکی. ساڵی ٢٠٠٦ سەرنجی میدیاکان لەسەر کۆریای باکوور چڕتر بۆوە کاتێک ئەو وڵاتە ڕای گەیاند کە یەکەم تاقیکردنەوەی چەکی ناوکیی ئەنجام داوە.

ڕاستە کە دەوڵەتێکی شکستخواردوو زۆر بە گەرموگوڕی لە هەواڵەکاندا قسەی لەسەر دەکرێ، بەڵام هەموو دەوڵەتە شکستخواردووەکان جێی بایەخن. ڕێژەیەکی زۆری دانیشتوانی جیهان لە ناو دەوڵەتە شکستخواردووەکاندا دەژین، ئەمەش وا لەو بابەتە دەکات کە مەحاڵ بێت فەرامۆش بکرێت.

بەشەکانی داهاتووی ئەم کتێبە لە چەند دەوڵەتێکی شکستخواردوو دەکۆڵێتەوە، کە لە ئێستادا بوون بە چەقی بایەخپێدانی میدیاکان، لە دەوڵەتە شکستخواردووەکانی پێشووش دەکۆڵێتەوە کە هاتوونەتە ژێر باری ئەوەی چاکسازی لە هەڵوێستەکانیاندا بکەن، هەروەها لەو وڵاتانەش دەکۆڵێتەوە کە دەشێت لە داهاتوودا ببنە دەوڵەتی شکستخواردوو. وێڕای ئەوانەش، باسی هەوڵە نێودەوڵەتییەکان دەکات کە ئامانجیان دۆزینەوەی چارەسەرە بۆ دەوڵەتە شکستخواردووەکان.

بەشی دووەم
چۆن دەوڵەتان شکست دێنن

سندوقی کۆمەک بۆ ئاشتی وتەیەکی ڕاگەیاندووە کە لە جێی خۆیدایەتی: "هەر دەوڵەتێکی شکستخواردوو بە ڕێگەی تایبەتی خۆی شکست دێنێ". ئەو وڵاتانەی لەم بەشەدا باس کراون، بە هۆی چەند هۆکارێکەوە شکستیان هێناوە. عێراق بە هۆی جەنگەکان و کێشەکانی ناوخۆ و چەندین ساڵ لە حوکمڕانیی دڕندانەی دیکتاتۆرییانە تووشی ناسەقامگیری بوو. هەروەها سۆماڵ تووشی ململانێی ناوخۆییەکان هات و لە ساڵی ١٩٩١ەوە حکومەتێکی سەقامگیری نەبووە. زنجیرەیەک کودەتای حکومی و ئاژاوەی سیاسی حکومەتی پاکستانیان بە شێوەیەک لاواز کرد، کە نەتوانێ کێشە گەورەکانی وڵاتەکە چارەسەر بکات. حکومەتی کۆریای باکوور بۆ دەیان ساڵە بە شێوەیەکی باش وڵاتەکە بەڕێوە دەبا، بەڵام بە تۆندی نکۆڵی لە مافە بنەڕەتییەکانی هاوواڵتیانی دەکات و ناتوانێ ئەو پێداویستییە

بنەڕەتییانەیان بۆ دابین بکات، کە بە زیندوویی بمێننەوە و لە برساندا نەمرن. هەرچەندە ئەو چوار وڵاتە زۆر لە یەکتر جیاوازن، بەڵام هەر چواریان بە دەوڵەتی شکستخواردوو پۆلێن کراون. بە تێڕوانینێکی ورد لەو چوار دەوڵەتە، دەتوانین لەوە تێبگەین کە چۆن دەوڵەتان تووشی ئاژاوە و پشێوی دەبنەوە.

عێراق

عێراق یەکێکە لە دەوڵەتە شکستخواردووە هەرە بەدناوەکانی جیهان. ئەو وڵاتە تووشی کێشەکانی ئابووری و حوکمڕانیی دڕندانەی سەدام حسێن (١٩٣٧-٢٠٠٦) و چەند جەنگێک هات کە لەسەر خاکەکەی کران. جەنگی عێراق کە لە ساڵی ٢٠٠٣ دەستی پێکرد و بوو بە هۆی ڕوخانی حکومەتەکەی سەدام حسێن و وڵاتەکەی تووشی حاڵەتێکی ناسەقامگیری کرد. شەڕی نێوان ئیسلامە شیعە و سوننەکان کۆسپی گەورەی هێنایە بەردەم پرۆسەی دامەزراندنی حکومەتێکی کارا. لە ناوجەرگەی ئەو نائارامی و پشێوییەدا، بەشێکی زۆری دانیشتوان وەک ئاوارە ژیان بەسەر دەبەن.

عێراق هەرگیز دەوڵەتێکی بەم شێوەیەی ئێستا ناسەقامگیر نەبووە. لە ڕاستیدا عێراق شوێنی دەستکەوتە هەرە گەورەکانی مرۆڤایەتی بووە. یەکەم شارستانیەتی

ناسراو شارستانیەتی سۆمەری بووە، کە پێنج هەزار ساڵ پێش زایین لە دەرەوەی دۆڵی ڕووبارەکانی دیجلە-فوڕات لە باشووری عێراق دامەزراوە. هەندێک لە نموونە هەرە سەرەتاییەکانی ئەدەب و زانست و فەلسەفە و بیرکاری لەو ناوچەیە پەرەیان پێدراوە.

حوکمڕانیی سەدام حسێن

چیرۆکی کێشەکانی ئێستای عێراق لە سەرۆکی پێشووی عێراق سەدام حسێنەوە دەست پێدەکات. سەدام لە ساڵی ١٩٧٩دا بوو بە سەرۆککۆماری عێراق دوای ئەوەی سەرۆکی ئەو وەختەی عێراق، ئەحمەد حەسەن ئەلبەکری (١٩١٤-١٩٨٢) ناچار کرد دەست لە کار بکێشێتەوە. یەکسەر دوای ئەوەی سەدام حوکمی بە دەستەوە گرت، ڕکابەرە سیاسییەکانی خۆی لە سێدارە دا، بەو کارەشی تایبەتمەندیی دڵڕەقی و دیکتاتۆرییانەی کردە بنچینەی ئەو بیستوچوار ساڵەی کە وەک سەرۆککۆمار حوکمی عێراقی کرد.

عێراق دەوڵەتێکی شکستخواردووی بێهاوتای تایبەتە. لە ماوەی حوکمڕانیی سەدامدا تۆماری عێراق لە پێشێلکردنی مافی مرۆڤدا ئەو وڵاتەی کردە پێشێلکارێکی گەورەی یاسای نێودەوڵەتی. سەدام بێبەزەییانە هەڵگەڕاوە سیاسییەکانی سەرکوت دەکردن، هاوواڵتیانی

عێراقی زیندانی دەکران و ئەشکەنجە دەدران، تەنانەت لە سێدارەش دەدران ئەگەر بە ناشکرا دژی حکومەت قسەیان کردبایە. هەروەها سەدام هەڵمەتێکی توندوتیژی دژی دانیشتوانی کوردی عێراق، کە کەمینەن لە وڵاتەدا، ئەنجام دا. ئەو هەڵمەتە بە هەڵمەتی ئەنفال ناسراوە. هەڵمەتی ئەنفال لە ساڵی ١٩٨٦ تا ساڵی ١٩٨٩ درێژەی کێشا. لەو هەڵمەتەدا گوندە کوردییەکان لە لایەن سوپای عێراقەوە کاول کران و هەزاران کورد کوژران یان بە زەبری هێز ڕاگوێزران. سەدام لە شەڕی دژی کورد چەکی کیمیایی بەکار هێنا، کە لە لایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بە چەکی کۆکوژ دانراوە. بەشی زۆری ئەو شەڕە لە ماوەی جەنگی ئێران-عێراق (١٩٨٠-١٩٨٨) ڕووی دا. هەروەها سەدام چەکی کیمیایی دژی ئێران بەکار هێنا. مەزەندە دەکرێ کە لە ماوەی ئەو جەنگەدا نزیکەی پێنجسەد هەزار کەس کوژرابن. بە قسەی هیومان ڕایتس وۆچ، کە ڕێکخراوێکی ناحکومیی سەربەخۆیە و بارەگاکەی لە شاری نیوێورکە، هەڵمەتی ئەنفالی سەدام بوو بە هۆی کوشتنی پەنجا هەزار بۆ سەد هەزار کوردی سیڤیل لە باکووری عێراق.

دوای جەنگی دڕندانە و درێژی عێراق-ئێران، سەدام لە ساڵی ١٩٩٠دا دەوڵەتی کوێتی هاوسێی داگیر کرد و تووشی کێشەیەکی ڕاستەوخۆ بوو لەگەڵ وڵایەتە

یەکگرتووەکانی ئەمەریکا. هاوپەیمانیەتیک کە لە چەند ولاتیک پیک هاتبوو و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاشی تیدا بوو، دژی ئەو داگیرکردنە وەستایەوە و بە هیرشی سەربازی کە لە لایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە پەسەند کرابوو، هاتە ناو کیشەکەوە. ئەو جەنگە بە جەنگی کەنداو ناوزەد کرا. ئەو جەنگە کەمتر لە سالیک درێژەی کێشا و بە تێکشکانی عێراق کۆتایی هات. لە ٢٨ی شوباتی سالی ١٩٩١دا هێزەکانی هاوپەیمانان و عێراق لەسەر وەستانی جەنگ رێک کەوتن. لە ٢ی ئازار سەدام حسێن دەستی کرد بە قەتڵوعامی شیعە یاخیبووەکانی باشوور و کوردە یاخیبووەکانی باکوور.

لە سالی ٢٠٠٣دا ویلایەتە یەکگرتووەکان کە گومانی لە عێراق هەبوو کە چەکی کۆکوژی هەیە، دووبارەی عێراقی داگیر کردەوە. ئەم جارەیان ویلایەتە یەکگرتووەکان سەدامی لەسەر دەسەلات لابرد و دایە دادگا لەسەر تاوانەکانی دژی مرۆڤایەتی. دادگا سەدامی تاوانبار کرد و سالی ٢٠٠٦ لە سێدارە درا.

پشتیوی له عیراقدا

له سالی ۲۰۰۳ەوە کە سەدام لەسەر دەسەلات لابرا، ئاژاوەی پر توندوتیژی جێگەی ستەمی بێبەزەییانەی دیکتاتۆری پێشووی گرتەوە. گرووپی جۆراوجۆر دژی سەربازانی ئەمەریکا کە پێیان دەوتن یاخیبوو، بۆ شەڕکردن لەپێناو کۆنترۆڵکردنی وڵاتەکەدا دەرکەوتن. بە وتەی سندوقی کۆمەک بۆ ئاشتی، جەنگی عێراق و داگیرکردنی و ئەو یاخیبوونە یەک لەدوای یەکانەی کە ڕوویان دا، ئاوارەبوونی زیاتر لە دوو ملیۆن دانیشتوانی لێکەوتەوە. لەسەدا سیوپێنجی منداڵانی عێراق هەتیو بوون.

شەڕی نێوان موسوڵمانە شیعە و سوننەکان ئەو کێشەیەی زیاتر قوڵ کردەوە. موسوڵمانە شیعەکان کە ٦٥%ی دانیشتوان پێک دەهێنن، پشتیوانیی ئەو دیموکراسییەیان کرد کە لە دەستووری ۲۰۰۵ی عێراقدا پێشنیاز کراوە. موسوڵمانە سوننەکان کە پۆستی باشیان لە حکومەتەکەی سەدامدا هەبوو، ئەو دەستوورە نوێیەیان ڕەت کردەوە. لەو کاتەوە تاکو ئێستا توندوتیژی لە نێوان ئەو دوو گرووپەدا بەردەوامە.

بە هۆی ئەو توندوتیژییە بەرفراوانەوە، دانیشتوانی عێراق دەستیان کرد بە جێهێشتنی وڵات. ئەو وڵات جێهێشتنە بەکۆمەڵە بوو بە هۆی (کۆچکردنی میشکە زانستییەکان-brain drain). کۆچکردنی میشکە

زانستییەکان زاراوەیەکە بۆ باسکردنی ئەو کاریگەرییەی کە لە ولاتێکدا ڕوو دەدات، کاتێک هاوولاتییە هەرە زیرەک و شارەزا و پسپۆڕەکان ولاتەکە جێ دەهێڵن و لە ولاتێکی تر نیشتەجێ دەبن، بەکار دێت. زۆربەی ڕووناکبیرانی عێراق بە هۆی ئەو توندوتیژییە بەردەوامە لە ولات دوور کەوتوونەتەوە. لەسەدا حەفتای دکتۆرەکانی عێراق ولاتیان جێ هێشتووە و زۆربەیان لە ئوردونی هاوسێی عێراق نیشتەجێ بوون.

زیادبوونی سەقامگیری و ئاسایش هەندێک لە عێراقییەکانی تاراوگەی هان دا کە بگەڕێنەوە بۆ ولاتەکەی خۆیان، بەڵام ناکۆکیی نێوان شیعە و سوننەکان هێشتا هەر بەردەوامە. لە شوباتی ٢٠٠٩دا سەرۆکی ئەمەریکا، باراک ئۆباما، ڕای گەیاند کە سەد هەزار سەربازی ئەمەریکی لە هاوینی ٢٠١٠ عێراق جێ دەهێڵن و داهاتووی عێراق نادیار دەبێت. لەبەر ئەو سەرچاوە نەوتییانەی کە عێراق هەیەتی، توانای ئەوەی هەیە ببێتە دەوڵەمەندترین وڵات لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. لەگەڵ ئەوەشدا، عێراق دەبێ حکومەت و ئابووریی داڕماوەکەی دووبارە بنیات بنێتەوە. دەبێ لە نێوان شیعە و سوننەکان ئاشتی بەرقەرار بێ. زۆر کەس لەوە دەترسن کە دوای ئەو چەندین ساڵەی ناکۆکیی نێوان شیعە و سوننە، بەرقەراربوونی ئەو ئاشتییە شتێکی قورس بێت.

سۆمال

لە سالی ١٩٩١وە سۆمال حکومەتێکی سەقامگیری نەبووە. گرووپە ئایینی و ئێتنی و سیاسییەکان لە شەڕێکی سەربازیی بەردەوامی دژبەیەک تێوەگلاون. بە هۆی ئەو توندوتیژییەوە، سۆمال بوو بە پەناگەی پێشێلکارییە ترسناکەکانی مافی مرۆڤ و تاوانە نێودەوڵەتییەکان. لە سالی ٢٠٠٩ دا سۆمال لە لیستی دەوڵەتە شکستخواردووەکاندا بوو بە ژمارە یەک.

سۆمال وڵاتێکە کە میژوویەکی دەوڵەمەندی هەیە. لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەمدا دەسەڵاتدارانی ئەورووپا دەستیان کرد بە داگیرکردنی ئەفریقا. سۆمال، پێش داگیرکردنی لە سالی ١٩٢٠دا، هێزێکی ناوچەیی گرنگ بوو لە ئەفریقا. لە ڕاستیدا سۆمال ئەوەندە بەهێز بوو، کە دوورودرێژترین هەڵمەتی دژەکۆلۆنیالیی لە میژوودا دژی بەریتانیا ئەنجام داوە. لە سالی ١٩٦٠، سۆمال سەربەخۆیی بە دەست هێنا و سیستەمی دیموکراسیی نوێنەرایەتیی دامەزراند. بە هۆی شەڕی نێوان هۆزە جیاوازەکانەوە زەحمەت بوو ئەو دیموکراسییەتە درێژە بکێشێ. ئەو ناسەقامگیرییە هەڵی بۆ محەمەد سیاد بەری (١٩١٩- ١٩٩٥) ڕەخساند کە دەسەڵات بگرێتە دەست. سالی ١٩٧٠، سیاد بەری دیکتاتۆرێتێکی سەربازیی سۆشیالیستی دامەزراند.

زیادبوونی توندوتیژی

لە ساڵی ١٩٩١دا گرووپە ڕکابەرەکانی سیاد بەری حکومەتە ناوەندییەکەی سیاد بەرییان ڕوخاند و سیاد بەرییش لە ترسی گیانی خۆی وڵاتەکەی جێ هێشت. دوای لابردنی سیاد بەری لە دەسەڵات، گرووپەکان دەستیان بە شەڕ لەگەڵ یەکتری کرد. توندوتیژی گەیشتە ڕادەیەکی وا خراپ لەو وڵاتە، کە نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی ١٩٩٢دا دەستی کرد بە ناردنی کۆمەکی مرۆیی. کۆمەکە مرۆییەکە خۆراک و پێداویستیی پزیشکی بۆ هاوواڵتیانی سۆماڵی دابین کرد.

لە ساڵی ١٩٩٣دا هەژدە سەربازی ئەمەریکی لە مەقەدیشۆی پایتەختی سۆماڵ کوژران. کوژرانی ئەو سەربازانە وای لە نەتەوە یەکگرتووەکان کرد کە سروشتی مانەوەی لەو وڵاتە بگۆڕێ و سەرباز بهێنێ بۆ ئەوەی بیانپارێزێت لەوانەی دژی دابینکردنی خۆراک و پێداویستیی پزیشکی بوون. کارەکەی نەتەوە یەکگرتووەکان بوو بە کاری ئاشتیپارێزی. زۆربەی ئەو سەربازە ئەمەریکییانەی لەو کاری ئاشتیپارێزییەدا بەشدار بوون، لە ساڵی ١٩٩٣دا ئەو وڵاتەیان جێ هێشت و ئۆپەراسیۆنی ئاشتیپارێزیی نەتەوە یەکگرتووەکانیش لە ساڵی ١٩٩٥ کۆتایی هات.

لەوەتی حکومەتی سیاد بەری لە سالی ١٩٩١دا ڕوخاوە، حکومەتی ناوەندی لەو وڵاتە دروست نەبووەتەوە. بەبێ هەبوونی حکومەتێکی ناوەندی، وڵاتەکە هێزی سەربازی و پۆلیسی نابێ تا هاوواڵتیان لە یاساشکێنیی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی بپارێزێ. دوور لە کەنارەکانی سۆمال، چەتەگەریی دەریایی زیادی کردووە و چەتە دەریاییە سۆماڵییەکان کە دەست بەسەر کەشتییەکاندا دەگرن، بە زۆری تاقمی کەشتییەکان دەفڕێنن. هەروەها سۆمال هیچ هێزێکی نییە تاکو ئەو پێشێلکارییە گەورانەی مافی مرۆڤ ڕابگرێ، کە لە لایەن گرووپە چەکدارە ئیسلامییەکانەوە دەکرێن، وەک گرووپی ئەلشەباب.

نەبوونی یاسا و چەتەگەریی دەریایی

چەتەگەریی دەریایی لە سۆمال لە سالی ١٩٨٠دا دەستی پێکرد. لە ماوەی حوکمڕانیی سیاد بەریدا، سۆماڵ کۆمەکی نێودەوڵەتیی وەردەگرت بە مەبەستی پەرەپێدانی پێشەسازیی ماسی. بڵاوبوونەوەی هەژارییەکی بەرفراوان و نەبوونی حکومەتێکی ناوەندی دەری خست کە سۆمال نەیتوانی نەهێڵێت ماسیگرانی وڵاتانی تر بێنە ئەو ناوچەیەی کە سەرچاوەی ماسیی هاوواڵتیانی ئەو وڵاتە بوو. بە هۆی ئەوەی ماسیگرانی

سۆمالی سەرچاوەی بژیوی ژیانیان نەما، ڕوویان لە چەتەگەریی دەریایی کرد.

چەتەگەریی دەریایی کارێکی پرقازانجە. چەتە دەریاییەکانی سۆمالی دەست بەسەر کەشتییەکاندا دەگرن و تاقمی کەشتییەکان و بارەکانیان وەکو بارمتە دەگرن و لە بەرامبەر بڕێک پارەدا بەرەڵایان دەکەن. لەبەر ئەوەی خاوەن کەشتییەکان ئەو بڕەپارەیان دەدا، سەرکردەکانی جەنگی ئەو وڵاتە دەستیان کرد بە پێدانی کۆمەکی دارایی بە چەند گرووپێکی چەتەی دەریایی سۆمال تاکو لە بەرامبەردا پارەیان دەست بکەوێت.

هەرچەندە لە ساڵانی ١٩٩٠ەوە لە ناو دەریا و دوور لە کەنارەکانی سۆمال چەتەگەریی دەریایی ڕووی دەدا، بەڵام چەتەگەریی دەریایی لەو ناوچەیە سەرنجێکی زۆری میدیای بۆ لای خۆی ڕاکێشا کاتێک لە ساڵی ٢٠٠٩دا کەشتییەکی کۆنتێنەری ئەمەریکی بە ناوی مایریسک ئەلەباما لەو ناوچەیە فڕێنرا. ئەو هێرشە لە ساڵی ١٨١٥ەوە یەکەم هێرشی چەتەی دەریاییە بۆ فراندنی کەشتییەکی بازرگانیی ئەمەریکی. کاپتنی کەشتییەکە، ڕیچارد فیلیپس، خۆی دا بە دەست چەتەکانی دەریا لەپێناو زامنکردنی سەلامەتیی تاقمی کەشتییەکە.

هێزی دەریایی ئەمەریکا هەوڵی دا دانوستان لەگەڵ چەتەکاندا بکات بۆ ئازادکردنی کاپتن فیلیپس، بەڵام دانوستانەکە تێک چوو دوای ئەوەی چەتەکان تەقەیان لە گەمیەکی بچووکی هێزی دەریایی ئەمەریکا کرد. دوای دەستڕێژی گوللەی چەتەکان، تیمێکی بژاردەی دژەتیرۆر (سیل تیم سیکس) کە یەکەیەکی بژاردەی هێزی دەریایی ئەمەریکایە، دەستبەکار بوو بۆ ئازادکردنی فیلیپس. سێ لە نیشانەشکێنەکانی تیمەکە لە یەک کاتدا تەقەیان لە چەتەکان کرد و سێ لەو چەتانەیان کوشت، کە فیلیپسیان بە بارمتە گرتبوو. چوارەم چەتە خۆی دا بە دەستەوە و یەکسەر فیلیپسیش ڕزگار کرا.

پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ

لەگەڵ چەتەگەریی دەریایی، پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤیش کە لە سۆماڵ ڕوو دەدەن، کێشەیەکی گەورەیە. یەکێک لە تاوانکارە هەرە گەورەکانی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ، گرووپێکی توندڕەوی ئیسلامیی سۆماڵییە بە ناوی ئەلشەباب. لە مانگی ئایاری ٢٠٠٩، ئەلشەباب مەقادیشۆی گرت و سەدان کەسی کوشت. ئەلشەباب کە لێکدانەوەیەکی توندڕەوانەی بۆ شەریعەت هەیە، شەریعەت سیستەمی یاسایی ئیسلامە، بەسەر ئەو ناوچانەدا کاری پێدەکات کە کۆنترۆڵی کردوون. زۆر لەو

یاسایانەی کە کاریان پێدەکرێت، نامۆن بۆ خەڵکی ئەو ناوچانەی کە ئەلشەباب دەستی بەسەردا گرتوون. بۆ نموونە، هەموو ژنێک دەبێت بورقە بپۆشێت، بورقە پۆشاکێکە کە لەشی مرۆڤ لە سەریەوە تا پەنجەکانی پێی دادەپۆشێ. لە سایەی ئەو سیستەمە یاساییەی ئەلشەباب پەیڕەوی دەکات، سزای توند دانراوە، وەک بڕینەوەی پەلێکی مرۆڤ لەسەر دزی، یان بەردبارانکردنی ئەوانەی لەسەر جووتبوون بە حەرامی (زینا) دەگیرێن. نیویۆرک تایمز لە مانگی ئابی ٢٠٠٩دا ڕاپۆرتێکی بڵاو کردەوە کە ئەلشەباب هاتوونەتە سەر ئەوە ڕایەی کە دڕانی زێڕ و زیو لە دەمی دانیشتوانی شاری مارکا دەربهێنن. شاری مارکا شارێکی سەر کەنار دەریایە و دەکەوێتە باشووری سۆمال. ئەلشەباب دڕانی زێڕ و زیو بە ڕازاندنەوەیەکی ئیجگار زۆر دادەنێن و لەبەر ئەوە بە پێشێلکردنی یاسای ئیسلامی دادەنێن.

هەرچەندە هەوڵێکی زۆر درا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان لە سۆمال، بەڵام ئەو هەوڵانە سەرکەوتنێکی کەمیان بە دەست هێنا. زیادبوونی چەتەگەریی دەریایی لەم دواییەدا یەکگرتنێکی چاوەڕواننەکراوی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیی لێکەوتەوە. ئەو وڵاتانەی کە نەیاری یەکتری بوون، وەک پاکستان و هیندستان، ڕێک کەوتن لەسەر ناردنی هێزی دەریایی بۆ بەرەنگاربوونەوەی چەتە

دەریاییەکانی سۆماڵ. زەحمەتە پێشبینیی ئەوە بکرێت کە ئایا ئەو هەوڵانە بەکەڵک دەبن یان نا. لە ساڵانی ڕابوردوودا سوپا بیانییەکان هەوڵیان دا کە سەقامگیری لە سۆماڵ بخوڵقێنن. ئەسیوپیا لە کانوونی دووەمی ٢٠٠٩دا سەربازە ئاشتیپارێزەکانی لە سۆماڵ کێشایەوە. ئەوەی ئەو کێشەیەی خراپتر کرد، هەروەکو سندوقی کۆمەک بۆ ئاشتی سەرنجی دا، ئەوە بوو کە سۆماڵ بە ڕادەیەکی یەکجار زۆر مەترسیدار بووە، کە زۆر کەم لەو ڕێکخراوانەی کە یارمەتیی نێودەوڵەتیی ناسەربازی پێشکەش دەکەن، بە زەحمەت قایل دەبن بچنە ئەو وڵاتە.

پاکستان

چەند هۆکارێک بوونە هۆی ئەوەی کە پاکستان ببێتە دەوڵەتێکی شکستخواردوو. دوای دەیان ساڵ لە کودەتا و شەڕی ناوخۆ، حکومەتی پاکستان بوو بە حکومەتێکی لاواز و شکستخواردوو. حکومەتی پاکستان ئەوەندە لاوازە، کە ناتوانێ چارەسەری کێشە هەرە گەورەکانی وڵاتەکە بکات، وەک: هێرشەکانی تاڵیبان لە ناوچەکانی باکووری ئەو وڵاتە. حکومەت ناتوانێ وەک پێویست بایەخ بە دانیشتوانە ئاوارە زۆرەکەی وڵاتەکە بدات، ئەو ئاوارانەی کە بە هۆی کێشەکانی تاڵیبان و بوومەلەرزەوە لەسەر ماڵوحاڵی خۆیان نەماون.

پاکستان له بنەڕەتدا بەشێک بوو له هیندستان که بەریتانیا داگیری کردبوو. دوای چەندین ساڵ له خەبات، له ساڵی ١٩٤٧دا هیندستان سەربەخۆیی له بەریتانیا بە دەست هێنا. هیندستان له بنەڕەتدا وڵاتی هیندۆسەکانە و زۆربەی دانیشتوانە موسوڵمانەکەی که ئەمڕۆ بوون بە دانیشتوانی پاکستان، داوای دەوڵەتی خۆیان دەکرد. پارێزگاکانی باکووری خۆرئاوای پونجابی خۆرئاوا و سند بوون بە دەوڵەتی سەربەخۆی پاکستان.

پشێویی سیاسی

له ساڵی ١٩٥٦دا له پاکستان یەکەم کودەتا کرا، کاتێک جەنەڕاڵ ئەیوب خان ئەو حکومەتە دیموکراتییە ساوایەی ڕوخاند. حوکمڕانیی دیموکراتی له ساڵی ١٩٧٢دا گەڕایەوە بۆ وڵاتەکە، بەڵام ئەو حوکمڕانییە دیموکراتییە تەنیا تا ساڵی ١٩٧٧ درێژەی کێشا، کاتێک جەنەڕاڵ موحەمەد زیائولحەق (١٩٢٤-١٩٨٨) بە هۆی کودەتاوە دەسەڵاتی گرتە دەست. زیائولحەق بە فەرمی پاکستانی کرده دەوڵەتێکی ئیسلامی، وێڕای ئەوەش شەریعەتی ئیسلامیی کرده یاسای ئەو وڵاتە.

دوای ئەوەی زیائولحەق لە سالی ١٩٨٨دا بە هۆی تیکشکانی فڕۆکەوە مرد، کچەکەی، بونەزیر بۆتۆ (١٩٥٣-٢٠٠٧) بە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران هەڵبژێرا. بونەزیر دوای ئەوەی بە گەندەڵی تاوانبار کرا، لە پۆستەکەی لابرا. لە سالی ١٩٩٣دا دووبارە بونەزیر بە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران هەڵبژێرایەوە. بونەزیر جارێکی تر بە هەمان تاوانی گەندەڵی لە پۆستەکەی لابرایەوە. لە سالی ٢٠٠٧ بونەزیر بۆتۆ کە بۆ سێیەم جار سەرکەرمی هەڵمەتی هەڵبژاردن بوو، تیرۆر کرا. ئێستا هاوسەرەکەی، ئاسف عەلی زەرداری، سەرۆککۆماری ئەو وڵاتەیە.

لە ناو ئەو پشێوییە سیاسییەدا، پاکستان لە سالی ٢٠٠٤ەوە لە هەرێمی باکووری خۆرئاوا تووشی شەڕێکی چەکداریی بەردەوام بووە لەگەڵ تاڵیبان. بە وتەی سندوقی کۆمەک بۆ ئاشتی، دەسەڵاتی حکومەتی پاکستان بە دەگمەن لەو هەرێمەدا بوونی هەیە. میلیشیاکانی تاڵیبانی هەرێمەکە نزیکەی کۆنترۆڵی تەواویان بەسەر ئەو هەرێمەدا هەیە.

تالیبان

لە ساڵی ٢٠٠٤ەوە، وەک بەشێک لە "جەنگ دژی تیرۆر" ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دەستی کرد بە بەکارهێنانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان (drone) بۆ لێدانی ئامانجەکانی تالیبان لە پاکستان. لە نیسانی ٢٠٠٩دا لەندەن تایمز (London Times) باڵاوی کردەوە کە تالیبان گەیشتوونەتە دووریی ٦٠ میل (٩٧ کیلۆمەتر) لە ئیسلام ئاباد، کە پایتەختی پاکستانە. لە ئەنجامدا ویلایەتە یەکگرتووەکان هەڕەشەی ئەوەی کرد کە دەستێوەردانەکەی لە پاکستان زیاتر دەکات. پاکستان چەکی ناوکیی هەیە و زۆر لایەن لەوە دەترسان کە ئەو چەکە بکەوێتە دەست ڕێکخراوێکی تیرۆریستی.

بوومەلەرزە و ئاوارەیی

لە ساڵی ٢٠٠٥دا بوومەلەرزەیەک (ئەو بوومەلەرزەیە وا دادەنرا کە چواردەیەمین بوومەلەرزەی هەرە وێرانکەر بێ لە مێژوودا) هەرێمی سەر سنووری باکووری خۆرئاوای پاکستانی وێران کرد. ئەو بوومەلەرزەیە هەشتا هەزار کەسی کوشت و زیاتر لە سێ ملیۆن کەسی ئاوارە کرد. حکومەتی پاکستان نەیتوانی کۆمەکی گونجاو بۆ قوربانییەکانی ئەو بوومەلەرزەیە دابین بکات. ئەمەش وای لە پاکستان کرد کە ژمارەیەکی زۆر لە

ئاوارەی ناوخۆی هەبێت. بوومەلەرزەیەکی تر لە ساڵی ٢٠٠٨دا ژمارەی ئاوارەکانی ناوخۆی زیاتر کرد. لە ساڵی ٢٠٠٩ هێرشی حکومەت بۆ سەر تاڵیبان خەڵکێکی تری ئاوارە کرد. هەرچەندە هەندێک لەو ئاوارانە دووبارە نیشتەجێ کرانەوە، بەڵام زۆربەیان هەر بە ئاوارەیی مانەوە.

کۆریای باکوور

حکومەتی تۆتالیتاریی کۆریای باکوور بە یەکێک لە حکومەتە هەرە خراپەکان لە جیهاندا دادەنرێت. حکومەتی کۆریای باکوور حکومەتێکی دیکتاتۆریی ستەمکارە و سەرۆکەکەی ناوی (کیم جۆنگ ئیل)ە. سندوقی کۆمەک بۆ ئاشتی باشترین وەصفی سەرکردایەتیی کۆریای باکوور دەکات: سەرکردایەتیی کیم جۆنگ ئیل سەرکردایەتییەکی ستەمکار و بەدکارە و بە تەواوی متمانە دەکاتە سەر پەرستنی ئایینییانەی خۆی و باوکی کیم ئیل سونگ و سەرکوتکردنی بێبەزەییانەی هەڵگەڕاوەکان. تۆماری تۆقینەری حکومەتەکە دەربارەی مافی مرۆڤ یەکێکە لەو هۆکارە سەرەکییانەی کە بۆچی کۆریای باکوور بە دەوڵەتێکی شکستخواردوو دادەنرێت.

پێش جەنگی جیهانیی دووەم (١٩٣٩-١٩٤٥) کۆریا کۆلۆنیالێکی ژاپۆنی بوو. لە کۆتایی جەنگی جیهانیی دووەمدا کۆریای باکوور لە کۆریای باشوور جیا کرایەوە. ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بەرپرسیارێتیی بەڕێوەبردنی کۆریای باشووری گرتە ئەستۆ و یەکێتیی سۆڤیەتیش کۆنترۆڵی کۆریای باکووری کرد. لە ساڵی ١٩٥٠دا کۆریای باکوور هێرشی کردە سەر کۆریای باشوور بە مەبەستی یەکگرتنەوەی هەردوو کۆریاکە. لە ساڵی ١٩٥٣دا هەردوو کۆریاکە لەسەر پەیمانی شەڕوەستاندن ڕێک کەوتن. ئەو شەڕوەستاندنە، ڕێککەوتنێکی ئاشتی نەبوو؛ ڕێککەوتنێک بوو بۆ وەستاندنی شەڕ. لە ڕاستیدا کۆریای باکوور و باشوور زیاتر لە نیو سەدەیە لەگەڵ یەکتر لە جەنگدان.

حکومەتێکی تۆتالیتاری

حکومەتی تۆتالیتاری کۆریای باکوور تاوانبارە بە پێشێلکردنی زۆری مافی مرۆڤ. کیم جۆنگ ئیل دوای مردنی کیم ئیل سونگی باوکی لە ساڵی ١٩٩٤، حوکمڕانیی ولاتەکەی گرتە دەست. کیم جۆنگ ئیل حوکمڕانییەکی ڕەهای کۆریای باکوور دەکات و ئەوەی بە ئاشکرا پرسیار دەربارەی دەسەڵاتەکەی بکات، ئەوا خۆی تووشی مەترسیی زیندانیکردن یان خراپتر دەکات.

ئەو ولاتە هیچ دامەزراوەیەکی دیموکراتیی نییە. کۆریای باکوور میدیای ئازادی نییە، ئازادیی ئایینی یان سەندیکای سەربەخۆی کرێکارانی لێنییە. هیچ شتێک نییە ئەو حکومەتە بسڵەمێنێتەوە لەو ئەو تاوانە ترسناکانەی کە بەردەوام بەرامبەر هاوولاتییەکانی دەیانکات. هاوولاتیانی کۆریای باکوور هیچ مافێکیان نییە و ڕێژەیەکی زۆر کەم لە هاوولاتیان ڕێگەیان پێدەدرێ ولاتەکە جێ بهێڵن.

بەڵێن و هەڕەشەکانی کۆریای باکوور

کۆریای باکوور دوای ئەوەی لە ساڵی ٢٠٠٣دا لە پەیمانی بڵاوونەبوونەوەی چەکی ناوکی (NPT)ی نەتەوە یەکگرتووەکان کشایەوە، لە نێو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا نیگەرانیی دروست کرد. پەیمانی بڵاوونەبوونەوەی چەکی ناوکی ڕێککەوتنێکە بۆ ڕاگرتنی بڵاوبوونەوەی چەکە ناوکییەکان کە نزیکەی لە لایەن هەموو ولاتانی دنیاوە واژۆ کراوە. کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەوڵی دا لە ڕێی زنجیرەکۆبوونەوەیەک کە بە گفتوگۆکانی شەش لایەنەکە ناسراوە، بگاتە لێکتێگەیشتنێک لەگەڵ کۆریای باکوور. لە ماوەی گفتوگۆکانی شەش لایەنەکە (چین، ژاپۆن، ڕووسیای فیدرال، کۆریای باشوور و ویلایەتە یەکگرتووەکان) هەوڵیان دا لەگەڵ کۆریای باکوور بگەنە

چارەسەرێکی ئاشتییانە دەربارەی تاقیکردنەوە ناوکییەکانی ئەو وڵاتە. ئەو گفتوگۆیانە لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٣ و ٢٠٠٧دا بە شێوەی زنجیرەیەک کۆبوونەوە ئەنجام دران.

ئەو گفتوگۆ شەش لایەنییە هەرەسی هێنا دوای ئەوەی کۆریای باکوور لە ٥ی نیسانی ٢٠٠٩ مووشەکێکی تاقی کردەوە کە بەسەر ژاپۆندا ڕۆیشت. ئەو مووشەکە لە ئۆقیانوسی هێمن کەوتە خوارەوە. کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ناڕەزاییان دەربارەی ئەو کارە دەربڕی و بڕوایان وابوو کە ئەوە هەوڵێکە بۆ ترساندن و پێشێلکردنی یاسای نێودەوڵەتی.

لە مانگی ئایاری ٢٠٠٩ دا کۆریای باکوور بە سەرکەوتوویی ئامرازێکی ناوکیی لەژێر زەویدا تەقاندەوە. وێڕای ناڕەزاییدەربڕینی هەموو جیهان، کۆریای باکوور لە ٢ی تەممووزی ٢٠٠٩ چوار مووشەکی بۆ دەریای ژاپۆن هاویشت. دوو ڕۆژ دواتر، لە ٤ی تەموزی ٢٠٠٩، کۆریای باکوور حەوت مووشەکی بالیستیی تاقی کردەوە و ئەو مووشەکانە ئاڕاستەی دەریای ژاپۆن کران.

پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان

لە ١٧ی ئابی ٢٠٠٩ دا، کۆریای باکوور دووبارە سنووری لەگەڵ کۆریای باشوور کردەوە. ڕۆژنامەی نیۆیورک تایمز وای لێک دایەوە کە بڕیاری کۆریای باکوور بۆ کردنەوەی سنوورەکەی لەگەڵ کۆریای باشوور وەک کاردانەوەیەک بێت بەرامبەر گەمارۆکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لەسەر ئەو وڵاتە. گەمارۆکانی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕێککەوتنێک بوو لە نێوان ئەندامانی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ڕاگرتنی بازرگانی لە ناوەوە و دەرەوەی ئەو وڵاتە. کۆریای باکوور بە دەست برسێتییەوە دەناڵێنێ و متمانە دەکاتە سەر کۆمەکی خۆراکی نێودەوڵەتی بۆ دابینکردنی خۆراک بۆ هاوواڵتییەکانی. ئەگەر ئەو کۆمەکی خۆراکە ڕاگیرابایە، ئەوا ئەنجامی کارەساتئامێزی بۆ ئەو وڵاتە لێدەکەوتەوە.

بەشی سێیەم
دۆزینەوەی چارەسەر

کۆمەڵێک کێشەی جۆراوجۆر تووشی دەوڵەتی شکستخواردوو و هاوواڵتییەکانی دەبنەوە. بەرنامەیەک کە دەشێ یارمەتیی دەوڵەتێکی شکستخوارد بدات تاکو هەستێتەوە، لەوانەیە بۆ دەوڵەتێکی تر سوودی نەبێت. لە هەمان کاتدا لەوانەیە چارەسەرێک کە بە کەڵکی دەوڵەتێکی شکستخواردوو بێت، بە کەڵکی دەوڵەتێکی تریش بێت. هەوڵەکانی چوار ڕێکخراوی نێودەوڵەتی بۆ یارمەتیدان و چارەسەرکردنی دەوڵەتە شکستخواردووەکان دیار و بەرجەستەن. سندوقی دراوی نێودەوڵەتی (IMF) و بانکی نێودەوڵەتی (World Bank) کە دوو ڕێکخراوی جیان، بەڵام پەیوەندییان بە یەکەوە هەیە، ئەوانە دوو لەو چوار ڕێکخراوەن. دوو ڕێکخراوەکەی تر، ڕێکخراوی پەیمانی باکووری ئەتڵەسی (NATO) و نەتەوە یەکگرتووەکانە (UN).

سندوقی دراوی نێودەوڵەتی و بانکی نێودەوڵەتی

سندوقی دراوی نێودەوڵەتی کار بۆ یارمەتیدانی ڕێکخستنەوەی ئابووریی جیهان دەکات. ئەم ڕێکخراوە سێ کاری سەرەکیی هەیە. یەکەم کاری سندوقی دراوی نێودەوڵەتی (IMF) چاودێریکردنی گەشەی دارایی و هەوڵدانیەتی بۆ نەهێشتنی قەیرانەکان لە وڵاتە گەشەکردووەکان و ئەو وڵاتانەی مەترسیی قەیرانیان لەسەرە. دووەم کاری پێدانی قەرزە بە وڵاتان بە مەبەستی نەهێشتنی بڵاوبوونەوەی هەژاری. سێیەم کاری دابینکردنی یارمەتیی تەکنیکییە بۆ ئەو وڵاتانەی دەیانەوێ ئابوورییەکەیان چاک بکەن.

کارەکانی بانکی نێودەوڵەتی بە زۆری لەوانەی سندوقی دراوی نێودەوڵەتی دەچن. بۆ ئەوەی وڵاتێک ببیتە ئەندام لە بانکی نێودەوڵەتی، دەبێ ئەو وڵاتە لە سندوقی دراوی نێودەوڵەتی ئەندام بێت. بانکی نێودەوڵەتی بۆ دوو بەش دابەش کراوە. بەشە هەرە گەورەکەی پێی دەوترێت بانکی نێودەوڵەتیی ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدان (IBRD). ئەم بەشە ١٨٦ وڵات تێیدا ئەندامن و گرنگی بەو وڵاتانە دەدات، کە داهاتەکەیان مام ناوەندییە لەگەڵ ئەو وڵاتە هەژارانەی کە متمانەی دارایی باشیان هەیە. بەشەکەی تری بانکی نێودەوڵەتی کۆمەڵەی گەشەپێدانی نێودەوڵەتییە (IDA)

که ١٦٨ دەوڵەت تێیدا ئەندامن و بایەخپێدانی خۆی لەسەر دەوڵەتە هەرە هەژارەکانی دنیا چڕ دەکاتەوە.

هەرچەندە ئامانجەکانی ئەو ڕێکخراوانە باس کران، بەڵام هەوڵ و ئەرکەکانیان ئەنجامی تێکەڵاوی لێکەوتەوە. هایتی و کینیا و جامایکا سێ نموونەی ئەو وڵاتانەن کە ئەو ڕێکخراوانە وێستیان گەشەیان پێبدەن. لە هەر یەکێک لەو وڵاتانە ڕەخنەگران کاری ڕێکخراوەکانی سندوقی دراوی نێودەوڵەتی و بانکی نێودەوڵەتییان بەوە تاوانبار کرد، کە ئەو ڕێکخراوانە کۆمەکی دارایی بۆ ئەو وڵاتانە دابین دەکەن، بەڵام ئەنجامی ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەو وڵاتانە بکەونە ژێر باری قەرزێکی زۆرەوە.

ئەو پارەیەی کە سندوقی دراوی نێودەوڵەتی و بانکی نێودەوڵەتی دابینی دەکات بۆ ئەو وڵاتانەی تێدەکۆشن بۆ ئەوەی لە هەژاری ڕزگاریان بێت، بە شێوەی قەرز دەبێت و دەبێ بدرێتەوە. دەشێ ئەو وڵاتانەی ئەو قەرزانە وەردەگرن، نەتوانن بیدەنەوە و وایان لێبکات متمانە بکەنە سەر ئەو ڕێکخراوانە. دەشێ وڵاتان لە هەوڵێکیان بۆ دانەوەی ئەو قەرزانە، ڕێکاری ئابووریی نوێ بگرنە بەر، کە کاریگەریی نەرێنیی لەسەر هاووڵاتیەکانیان هەبێ. بۆ نموونە، ئەو قەرزانە وڵاتانی قەرزدار هان دەدات کە بەرهەمی کێڵگە کشتوکاڵییەکانیان

لە بەرهەمهێنانی خۆراکی نیشتیمانییەوە بگۆڕن بۆ بەرهەمهێنانی دانەوێڵەی وا، کە بینیرنە دەرەوە. ئەو وڵاتانە بە فرۆشتنی ئەو دانەوێڵانە دەتوانن پارە پەیدا بکەن بۆ ئەوەی قەرزەکانیانی پێبدەنەوە. بێگومان ئەمەش دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی خۆراک بۆ هاوواڵاتیانی ئەو وڵاتە قەرزدارانە. لەو وڵاتانەی کە ئێستا هاوواڵاتییەکانی بە دەست کەمبوونی خۆراکەوە دەناڵێنن، دەشێ ئەو کەمبوونە ئەنجامی ترسناکی لێبکەوێتەوە. لە ساڵی ٢٠٠٦ەوە سندوقی دراوی نێودەوڵەتی و بانکی نێودەوڵەتی بەشداربیان لە ڕیفۆرمدا کردووە، کە مەبەست لێی باشکردنی تێکڕای سەرکەوتنەکانیان و وێنەکانیانە لای کۆمەڵگە.

ڕێکخراوی پەیمانی باکووری ئەتڵەسی (NATO) و نەتەوە یەکگرتووەکان (UN)

ڕێکخراوی پەیمانی باکووری ئەتڵەسی (ناتۆ) و نەتەوە یەکگرتووەکانیش هەوڵیان دا بارودۆخی دەوڵەتە شکستخواردووەکان چاک بکەن. ئەو دوو ڕێکخراوە بە زۆری پێکەوە لەسەر مەسەلەکانی ئاسایشی نێودەوڵەتی کار دەکەن. زۆر جار ڕێکخراوی پەیمانی باکووری

ئەتلەسی (ناتۆ) یارمەتیی بەهێزکردنی گەمارۆکانی نەتەوە یەکگرتووەکان دەدات کە دەیخاتە سەر وڵاتان.

ناتۆ لە ساڵی ١٩٤٩دا لە بڕۆکسڵی پایتەختی بەلجیکا دامەزرا. ناتۆ هاوپەیمانێتییەکی نێوان ٢٨ وڵاتی ئەندامە. ئامانجی سەرەکیی ئەو هاوپەیمانێتییە دڕایەتیکردنی یەکێتیی سۆڤیەت و بلۆکی ڕۆژهەڵات بوو. بلۆکی ڕۆژهەڵات ئاماژەیە بۆ ئەو وڵاتانەی ئەورووپا کە هاوپەیمانێتییان لەگەڵ یەکێتیی سۆڤیەت هەبوو، یان ناڕاستەوخۆ لەژێر کۆنترۆڵی یەکێتیی سۆڤیەتدا بوون. دوای هەرەسهێنانی یەکێتیی سۆڤیەت و کۆتاییهاتنی شەڕی سارد، زۆر لەو دەوڵەتانەی کە لە بلۆکی ڕۆژهەڵاتدا بوون، کاتێک سەربەخۆییان بە دەست هێنا، تووشی پشێوی بوون. ناتۆ دووبارە ئامانجەکەی خۆی هەڵسەنگاندەوە و بڕیاری دا گرنگی بە یارمەتیدانی ئەو وڵاتانە بدات، کە لە ڕووی ئابوورییەوە گەشە دەکەن.

لە ١١ی ئەیلوولی ٢٠٠١ەوە کە هێرشەکانی تیرۆریستان کرانە سەر سەنتەری بازرگانیی جیهانی و پنتاگۆن، ناتۆ تا ڕادەیەکی زۆر گرنگیی بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا. لە ١١ی ئەیلولدا بۆ یەکەم جار ناتۆ مادەی پێنجی بۆ پەیماننامەکەی زیاد کرد. ئەم مادەیە دەڵێت

هەر هێرشێک دژی وڵاتێکی ئەندامی ناتۆ وەکو هێرشێک دژی هەموو وڵاتە ئەندامەکانی مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت. لە نیسانی ٢٠٠٣دا ناتۆ سەرکردایەتیی هێزی یامەرتیدانی ئاسایشی نێودەوڵەتی (ISAF)ی گرتە دەست. بێگومان هێزی یارمەتیدانی ئاسایشی نێودەوڵەتی کە هێزێکی گەشەپێدان و ئاسایشە و ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان دایمەزراند. ئامانج لە دامەزراندنی (ISAF) خۆڵقاندنی ژینگەیەکی ئاسایشی ئارامە، کە ڕێگە بە ئەفغانستان بدات دەوڵەتێکی دیموکراتی دابمەزرێنێ. ئیستا (ISAF) ڕووبەڕووی بەرهەڵستییەکی توندی تاڵیبان دەبێتەوە و بەشداریی شەڕی توندی ڕۆژانەی دژی تاڵیبان دەکات.

بەشداریکردنی نەتەوە یەکگرتووەکان لە کاروباری دەوڵەتە شکستخواردووەکان بە چەند شێوەیەکە. نەتەوە یەکگرتووەکان هەر تەنیا هێزی ئاشتیپارێز کە هێزی سەربازییە و ئامانجی ڕێگەگرتنە لە سەرهەڵدانی کێشە لەو وڵاتانەی شەڕیان تێدایە، نانێرێ بۆ ئەو وڵاتانە، بەڵکو کۆمەکی مرۆییشیان بۆ دابین دەکات. بەرنامەی خۆراکی نێودەوڵەتی کە یەکێکە لە لقە مرۆییە گەورەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، خۆراک بۆ زیاتر لە سەد ملیۆن

کەس لە وڵاتانی سەر گۆی زەوی دابین دەکات. لقێکی تری نەتەوە یەکگرتووەکان کە کۆمەکی مرۆیی دابین دەکات، سندوقی منداڵانی نەتەوە یەکگرتووەکانە (UNICEF) کە گرنگی بە یارمەتیدانی منداڵان و دایکان دەدات لە وڵاتە گەشەکردووەکان.

لقێکی تری نەتەوە یەکگرتووەکان کە یارمەتیی دەوڵەتە شکستخواردووەکان دەدات، ئەنجومەنی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکانە (UNHRC). ئەو لقە چاودێریی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە هەموو جیهاندا دەکات. ئەنجومەنی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕاپۆرت بۆ ئەنجومەنی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بەرز دەکاتەوە دەربارەی ئەوەی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان چ کارێک بکرێت. هەروەها نەتەوە یەکگرتووەکان دەتوانن گەمارۆ بخاتە سەر ئەو وڵاتانەی کە ناتوانن بگەنە جێبەجێکردنی مافی مرۆڤ تا ئاستێکی دیاریکراو یان ڕەفتاری شەڕانگێزی بنوێنن بەرامبەر وڵاتە هاوسێکانیان. گەمارۆکان زنجیرەیەک مەرجن، کە نەتەوە یەکگرتووەکان بەسەر وڵاتێکدا دەیسەپێنن. بۆ نموونە، گەمارۆ ئابوورییەکان دەتوانن بازرگانیی وڵاتێک

سنووردار بکەن. گەمارۆکان ڕێگە بە نەتەوە یەکگرتووەکان دەدەن کە فشاری نێودەوڵەتی بەسەر وڵاتێکدا بسەپێنن بۆ ئەوەی پەنا ببرێتە بەر بەکارهێنانی هێزی سەربازی.

هەرچەندە تاکە گرووپێک یان ڕێکخراوێک ناتوانێ بڵێ کە چارەسەری تەواو بۆ کێشەکانی دەوڵەتێکی شکستخواردوو دەدۆزێتەوە، بەڵام هەر یەکێک لەو ڕێکخراوانە خزمەتگوزاری پێویست و کۆمەک بۆ دەوڵەتە شکستخواردووەکان دابین دەکات. هەوڵە بەردەوامەکانی ئەو ڕێکخراوانە بۆ درێژەدان بە ئاستە بنەڕەتییەکانی سەقامگیری لە دەوڵەتە شکستخواردووەکاندا دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەو دەوڵەتانە لە ئایندەدا گەشە بکەن.

بەشی چوارەم
رێگەی بەرەو هەستانەوە

دەشێت دەوڵەتێکی شکستخواردوو کاروبارەکانی خۆی چاک بکات، بەڵام لەوانەیە دەیان ساڵی بوێت تاکو ئەو دەوڵەتە شکستخواردووە دەبێتە دەوڵەتێکی کارا. دەوڵەتە شکستخواردووەکان هەمیشە مایەی نیگەرانیی نێودەوڵەتین، بەڵام بە زۆری تۆوەکانی گەورەترین گۆڕان هەر لە ناو خودی دەوڵەتە شکستخواردووەکاندا چەکەرە دەکەن. وەبەرهێنان لە ژێرخانی نیشتیمانی، زیادکردنی ئالوگۆڕی بازرگانی و هەماهەنگیی نێودەوڵەتی... هەموو ئەوانە سەلماندوویانە کە یارمەتیی دەوڵەتانی شکستخواردوو دەدەن تاکو هەستنەوە و ببنە دەوڵەتی کارا.

هەماهەنگیی نێودەوڵەتی

ئێرلەندا لە وڵاتێکی هەژارەوە بوو بە وڵاتێکی زۆر سەرکەوتوو. لە مێژوودا ئێرلەندا تووشی کێشەی زۆر گەورە بووە، لە برسێتییەوە تاکو شەڕی ناوخۆ. لە ساڵانی ١٩٦٠دا ئێرلەندا یەکێک بووە لە وڵاتە هەرە

هەژارەکان لە ئەورووپا. تێکڕای بەرهەمی ناوخۆی ئێرلەندا کە بەهای گشتی ئەو کالا و خزمەتگوزاریانەیە ولاتێک لە ساڵێکدا بەرهەمی دێنێ، تەنیا ٦٠ %ی تێکڕای بەرهەمی ناوخۆی ئەورووپا بووە. لە ساڵی ٢٠٠٧دا تێکڕای بەرهەمی ناوخۆی ئێرلەندا گەشەی کرد و بوو بە ١٤٠%ی تێکڕای بەرهەمی ناوخۆی ئەورووپا. ئێستا ئێرلەندا لە جیهاندا ولاتێکە کە بەرزترین جۆری ژیستی ژیان بۆ هاوولاتیانی دابین دەکات. چین ولاتێکی تر٥ کە لە مێژوودا بە ولاتێکی هەژار ناسرابوو، ئێستا چین چوارەم گەورەترین ئابووریی هەیە لە جیهاندا. هەردوو ئێرلەندا و چین، بەشی زۆری سەرکەوتنیان دەگەڕێتەوە بۆ بەشداریکردنیان لە ئابووریی جیهاندا.

لە سەرەتای ساڵانی ١٩٦٠دا ئێرلەندا دەستی کرد بە کردنەوەی سنوورەکانی بۆ وەبەرهێنانی بیانی. دەرکەوت ئەو سنوورکردنەوەیە لە بەردەم وەبەرهێنانی بیانیدا زۆر سەرکەوتوو بوو، خەڵک گەشەکردنی خێرای ئابووریی ئێرلەندا بە پلەنگی سێلتی ناو دەبەن.

گەشەکردنی ئابووریی چین و چاکسازی لە ساڵی ١٩٧٨دا دەستی پێکرد و گەشەکردنەکە لە گەشەکردنێکی پلەبەپلە خێراتر بوو. لە ماوەی ساڵانی ١٩٧٠ و ١٩٨٠دا چین چەند سیاسەتێکی ئابووریی پەسەند کرد، کە ڕێیان لە بەردەم ئەو وڵاتەدا خۆش کرد بۆ ئەوەی تا ڕادەیەکی

زۆرتر بەشداری لە بازرگانیی نێودەوڵەتیدا بکات. لە ساڵی ١٩٩٦دا چین دەستی بە زنجیرەیەک چاکسازیی ئابووری کرد بۆ ئەوەی پیشەسازییەکانی بدات بە کەرتی تایبەت، چونکە لە پێشدا لە لایەن حکومەتەوە بەڕێوە دەبران. گۆڕینی پیشەسازییەک بۆ کەرتی تایبەت مانای ئەوەیە کە خاوەندارێتی و کۆنترۆڵکردنی ئەو پیشەسازییە لە حکومەتەوە دەگواسترێتەوە بۆ چەند کەسێک یان بۆ چەند گرووپێک. لە ساڵی ٢٠٠١دا چین هاتە ناو ڕێکخراوی بازرگانیی نێودەوڵەتی (WTO). ڕێکخراوی بازرگانیی نێودەوڵەتی ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتییە و کار بۆ پەرەپێدانی بازرگانیی نێودەوڵەتی دەکات. یەکسەر دوای ئەوە، چین گەورەترین بانکی وڵاتەکەی لە بەردەم وەبەرهێنانی نێودەوڵەتیدا کردەوە.

وەبەرهێنانی ژێرخان

وشەی ژێرخان بەکار دێت بۆ وەصفکردنی هەموو تەلار و ڕێگەوبان و هۆیەکانی گەیاندن و سەرچاوەکانی وزە کە کۆمەڵگە بەکاریان دێنێ. چین و ئێرلەندا ئابووریەکانیان چاک کرد، ئەویش بە پەنابردن بۆ وەبەرهێنانێکی گەورە لە ژێرخانەکانیاندا.

لە ساڵی ١٩٧٣دا ئێرلەندا بوو بە ئەندام لە یەکێتیی ئەورووپا، کە دامەزراوێکی بازرگانییە و وڵاتانی ئەورووپا

تێیدا ئەندامن. بوون بە ئەندام لە یەکێتیی ئەورووپا وای لە ئێرلەندا کرد کە دەستی بگاتە هەندێک کۆمەکی دارایی بە مەبەستی گەشەپێدانی ژێرخانەکەی. ئێرلەندا ئەو کۆمەکە دارایییانەی وەرگرت و هێڵی شەمەندەفەر و ڕێگەی خێرای پێ دروست کرد. هەروەها ئێرلەندا پارەی لە وەبەرهێنانی چاککردنی شەقامەکانی سەرجەم شارەکانی ولاتەکەدا بەکار هێنا. ئەو گەشەپێدانانە ولاتەکەی یەک خست، وێڕای کاروکاسپی پەیداکردن بۆ هاوولاتیان کە وای کرد هاوولاتیان بە ساناتر دەستیان بگاتە کاروکاسپیەکانی هەموو ولاتەکە.

هێزی ئابووریی چین بەستراوەتەوە بە گەشەپێدانی ژێرخانەکەی. لەوەتەی چین لە ساڵی ١٩٤٩دا بووەتە ولاتێکی کۆمۆنیست، گەشەپێدانی ژێرخانی ولاتەکە یەکێک بووە لە ئامانجە سەرەکییەکانی دەوڵەتەکە. چین لە ڕووی ڕووبەری خاکەوە چوارەم گەورەترین ولاتی جیهانە. هەروەها چین لە جیهاندا زۆرترین ژمارەی دانیشتوانی هەیە، کە نزیکەی ١,٣ ملیار کەسە. فراوانیی خاکی چین وای لەو ولاتە کردووە کە گەشەپێدانی سەرتاسەریی ژێرخانەکەی پڕۆسەیەکی درێژخایەن و قورس بێت.

چین یەکەم تۆڕی هێڵی میترۆی لە پەکین لە ساڵی ١٩٧٠دا کردەوە. دە ساڵ دواتر، هێڵێکی تری میترۆی لە شاری تیانجین کردەوە. لە ساڵی ١٩٨٦ چین ٤٨٠٠٠٠ میل

(٧٧٢٤٨٥ کیلۆمەتر) ڕێگای دروست کرد. ئەو ڕێگایانە شیوازێکی ئاسان و کارای لە دابەشکردنی کاڵا لە نێوان شارەکاندا خوڵقاند. بە تێکڕایی، چین نزیکەی ١٠%ی تێکڕای بەرهەمی نەتەوەیی لە گەشەپێدانی ژێرخانەکەی خەرج دەکات.

هیندستان وڵاتێکی تر کە پێش دەکەوێت، هەرچەندە گەلێ ساڵی بە هەژاری بەڕێ کرد. هیندستان لە ڕووی ڕووبەری خاکەوە حەوتەم گەورەترین وڵاتە لە جیهاندا و ژمارەی دانیشتوانەکەی لە یەک ملیار کەس زیاترە. زۆربی ژمارەی دانیشتوانی هیندستان مانای ئەوەیە کە ئابووریەکەی بە شێوەیەکی بنچینەیی بەندە بە گەشەپێدانی ژێرخانەکەیەوە. لە ساڵی ١٩٨٨دا هیندستان دەستی کرد بە پرۆژەی گەشەپێدانی ڕێگەی خێرای نیشتیمانی. ئەو پرۆژەیە دانرا بۆ چاککردنی سیستەمی ڕێگەی خێرای فراوانی هیندستان. لە ساڵی ٢٠٠٦ەوە هیندستان ٧١ ملیار دۆلاری لە گەشەپێدانی ڕێگەی خێرادا خەرج کردووە. لە کتێبی "چارەسەرکردنی دەوڵەتە شکستخواردووەکان" دانەرانی کتێبەکە وای دەخەمڵێنن کە هیندستان پێویستی بە خەرجکردنی ٣٥٠ ملیار دۆلاری تر هەیە بۆ گەشەپێدان و چاککردنی ژێرخانەکەی ئەگەر ئەو وڵاتە بیەوێ گەشەکردنی ئابووریەکەی هەروا بە خێرایی بمێنێتەوە.

بەشداریکردن لە ئابووریی جیهاندا

چاککردنی ژێرخانی وڵاتێک بە چەند ڕێگەیەگ سوود بەو وڵاتە دەگەیەنێت. ئەو چاککردنی ژێرخانە وا لە هاووڵاتیانی وڵاتەکە دەکات بە ساناتر دەستیان بگاتە کاڵا و کاروکاسپی بەگشتی. هەروەها ئەو چاککردنە پایەی وڵاتەکەی لەنێو ئابووریی جیهاندا چاکتر دەکات.

ئێرلەندا، پێش ئەوەی گەشە بە ژێرخانەکەی بدات، نەیدەتوانی بە شێوەیەکی تەواو کارا بەرهەمەکانی بۆ ناوەوە و دەرەوەی وڵاتەکە بگوازێتەوە کە ڕێگەی پێبدات بەشداری لە بازرگانی و وەبەرهێناندا بکات. چاککردنی ژێرخانی ئێرلەندا هەموو ئەوانەی گۆڕی. یەکێک لەو بڕیارە ئابووریيە هەرە سەرکەوتوانەی کە ئێرلەندا دای، ئەوە بوو وڵاتەکەی هێنایە ناو "eHub"یان سەنتەری پیشەسازیی پەیوەست بە کۆمپیوتەر و ئینتەرنێتی ئەورووپا. لە ساڵی ٢٠٠٥دا، دوای ئەوەی ئێرلەندا ژێرخانەکەی گەشە پێدا و هاتە ناو بازاڕی کۆمپیوتەرەوە، کۆمپانیاکانی (Dell) و (Apple) و (Hewlett Packard) کارگەکانی دروستکردنی کۆمپیوتەریان لە ئێرلەندا کردەوە. بنکەکانی مایکرۆسۆفتی ئەورووپا لە دبلنە کە پایتەختی ئێرلەندایە.

ئێرلەندا هەستی بەوە کرد کە بازاڕی تەکنۆلۆجیای هەمیشە گەشەکردوو بەستراوە بە شوێنی ئەو وڵاتەی کە دەکەوێتە نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکان و ئەوروپا و وا لەو وڵاتە دەکات ببێتە شوێنێکی سەرنجڕاکێش بۆ کۆمپانیا بیانییەکانی کۆمپیوتەر. لەبەر ئەوەی ئێرلەندا ژێرخانەکەی خۆی پەرە پێدابوو، توانیی بە تەواوی سەرمایەگوزاری بکات بە متمانەکردنە سەر زۆربەی توانا بنچینەییەکانی خۆی. ئەمەش وای لە وڵاتەکە کرد کە لە دەرەوە سەرمایەگوزاری بکات و بەشداری لە ئابووریی جیهاندا بکات.

هیندستان، وەک ئێرلەندا، هەستی بەوە کرد کە تەکنۆلۆجیا دەکرێ ببێتە پایەیەکی ئابووریی‌یەکەی. بەڵام هیندستان وەک ئێرلەندا نەبوو، چونکە ئەو وڵاتە دەمێک بوو پیشەسازیی کۆمپیوتەری بە دەست هێنابوو کە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی ١٩٦٠. لەگەڵ پەیدابوونی ئینتەرنێت لە ساڵانی ١٩٩٠دا، هیندستان دەستی بە زنجیرەیەک ڕیفۆرمی ئابووری کرد وێڕای دانانی پلانی گەشەپێدانی گەیاندن بۆ چاککردنی تواناکەی بە مەبەستی بەشداریکردن لەو پیشەسازییە نوێیەی ئینتەرنێتدا. لە ساڵی ١٩٩٨دا، سەرۆکوەزیرانی هیندستان، ئەتال بیهاری

ڤاچپای تیمی کاری نیشتیمانی هیندی بۆ تەکنۆلۆجیای زانیاری و گەشەپێدانی سۆفتوێر دامەزراند. لەم ڕۆژگارەدا، پیشەسازیی تەکنۆلۆجیا لە هیندستان ئەوەندە بەناوبانگە، کە حەیدەرئاباد نازناوی سایبەرئابادی (Cyberabad) وەرگرتووە. حەیدەرئاباد شارێکی هیندییە و سەنتەرێکی گەورەی کۆمپیوتەر و گەیاندنە.

بە کەرتی تایبەتکردن و گەشەکردن لە چیندا

هەرچەندە تاکە پیشەسازیەک ناتوانرێ بکرێت بە بنچینەی گەشەکردنی ئابووریی ئەم دواییەی چین، بەڵام بڕیاری چین بۆ ڕێگەدان بە خاوەندارێتیی تایبەتی کارگە پیشەسازییەکانی وای لەو وڵاتە کرد کە بتوانێ بەشداری لە ئابووریی جیهاندا بکات. بۆ چەندین ساڵ، حکومەتی چین کۆنترۆڵی هەموو پیشەسازییەکانی وڵاتەکەی کردبوو و کۆتوبەندی توندی لەسەر کۆمپانیەکانی کەرتی تایبەت دانابوو. هەر کە چین ئەو کۆتوبەندانەی خاو کردەوە، ئابووریەکەشی بەرەو چاکبوون هەنگاوی نا. بە وتەی کۆمیسیۆنی دڵنیایی بەرهەم بەکاربەری ویلایەتە یەکگرتووەکان، ڕێژەی سەدیی کاڵای هاوردەکراو لە چینەوە بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکان لە نێوان ساڵانی ١٩٩٧ و ٢٠٠٤ بە ڕێژەی ٣٠٠% زیادی کردووە. ئەو

زیادبوونه ئەنجامی ڕاستەوخۆی ڕیفۆرمەکانی ئابووریی چین بوو. لە ساڵی ٢٠٠٧دا کۆمیسیۆنی دڵنیایی بەرهەم بەکاربەری ویلایەتە یەکگرتووەکان ڕای گەیاند کە چین ٤٠%ی هەموو ئەو کاڵایانەی دروست کردووە، کە بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکان هاوردە کراون.

گەشەکردنی خێرای چین کەوتە بەر ڕەخنەی هەندێک ئابووریناسان. پیتەر مۆریسی، دوای ئەوەی وەک گەورەئابووریناسێک لە کۆمیسیۆنی بازرگانیی نێودەوڵەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان کاری دەکرد، دەستی بە وانەوتنەوەی بازرگانی کرد لە زانکۆی میریلاند، بە تۆڕی CNN ی ڕاگەیاند کە چین ڕێگە بە خاوەن پیشەسازییەکان دەدات "چییان بوێت بیکەن بەدەر لە هەر چاودێرییەک". چین ئەو چاودێرییە زۆرانەی لابرد کە لەسەر خاوەن پیشەسازیەکانی دانابوو، ئەمەش ڕێگەی خۆش کرد بۆ بەرهەمێنانی کاڵای هەرزانتر و پڕقازانجتر، کە لە ئەنجامدا دروستکردنی بەرهەمی مەترسیداری لێکەوتەوە. یەکێک لە نموونە هەرە بەناوبانگەکانی بەرهەمێکی مەترسیدار کە لە چینەوە هاوردە کرابوو، خۆراکی ژەهراویی گیانەوەرانی ماڵی بوو، کە لە ساڵی ٢٠٠٧ دا لە چینەوە هێنرابوو بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکان. ئەو خۆراکە کوشندەیەی گیانەوەران مادەیەکی تێدا بوو پێی دەوترا میلامین

(melamine) که بوو به هۆی سستییەکی کوشندەی گورچیلەی سەدان سەگ و پشیلە.

لێدوانەکانی چین لەسەر بێترسیی ڕێگەکانی بەرهەمهێنان لە ساڵی ٢٠٠٨دا تووشی وەلامدانەوەیەکی ناخۆش بووەوە کاتێک دەرکەوت کە شیری منداڵانی دروستکراو لە چین کە ویلاتە یەکگرتووەکان هاوردەی کردبوو، پیس بووە. ئەو شیری منداڵانە بە مادەی میلامین (melamine) پیس بووبوو. ئەو شیرە پیسبووە بوو بە هۆی نەخۆشکەوتنی سێسەد هەزار منداڵی شیرەخۆر و و مردنی شەشیان. لە ئەنجامی ئەم ڕووداوە ئابڕووبەرەدا وڵاتانی سەرانسەری جیهان ئاگاداریان بڵاو کردەوە کە ئەو بەرهەمە خۆراکانەی لە چین دروست دەکرێن، مەترسیدارن. حکومەتی چین لەو کاتەوە تا ئێستا دەیان کەسی گرتووە لەسەر فرۆشتنی بەرهەمی خۆراکی پیسبوو. ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی (WHO) کە ڕێکخراوێکی نەتەوە یەکگرتووەکانە و تایبەتمەندییەکەی تەندروستیی گشتیی نێودەوڵەتییە، ڕای گەیاند کە ئەو ڕووداوە ڕووداوێکی جیا نەبوو لە ڕووداوەکانی تر، بەڵکو چالاکییەکی نێودەوڵەتیی بەرفراوان ڕووی لە پەیڕەونەکردنی یاساکان کردووە لەپێناو بەدەستهێنانی پارەدا.

بەشی پێنجەم
ڕوانین لە ناییندە

بۆ هەر دەوڵەتێکی شکستخواردوو کە نیشانەکانی هەستانەوە دەردەخات، دەوڵەتی شکستخواردووی تر هەیە کە بارودۆخیان ڕوو لە خراپتربوون دەکات. لە کاتێکدا هەستانەوەی دەوڵەتێکی شکستخواردوو پرۆسەیەکی درێژخایەنە، کەچی تێکچوون و نەمانی سەقامگیریی دەوڵەتێک وەکو ئەوە دەردەکەوێ کە لە شەو و ڕۆژێکدا ڕوو بدات. وەکو لە سەرەتای ئەم کتێبەدا ڕوون کرایەوە، هەلومەرجی جۆراوجۆر دەتوانن دەستنیشانی دەوڵەتێک بکەن کە دەوڵەتێکی شکستخواردووە. کاتێک دەوڵەتێک دەگاتە ئاستی شکستهێنان، ئەوا هەلومەرجەکانی ئەو شکستهێنانە وا لە هاوواڵتیانی ئەو دەوڵەتە دەکات کە ئاستی بژێویی ژیانیان بە خێرایی دابەزێت.

پێشبینیکردنی دەوڵەتانی شکستخواردوی ئایندە

یەکێک لە نیشانە هەرە باوەکانی شکستهێنانی دەوڵەت ئەوەیە کە حکومەتەکەی نەتوانێ گرووپە ناحکومییەکان لە بەکارهێنانی توندوتیژی بوەستێنێ، کە وەک ڕێگەیەک بۆ کۆنترۆڵکردنی گرووپی دیکە بەکاری دەهێنن. وەک کەمێک پێشتر گفتوگۆی لەسەر کرا، ئەو گرووپە ناحکومییانە کێشەبەکن بۆ پاکستان: حکومەتی پاکستان ناتوانێ کۆنترۆڵی تەواوی هەرێمی سەر سنووری باکووری خۆرئاوا بکات. ئەو بەشەی وڵاتەکە لە لایەن میلیشیاکانی تالیبانەوە کۆنترۆڵ کراوە، کە بە هۆی هێزەوە لەوێ درێژەیان بە دەسەڵاتی خۆیان داوە. پاکستان تەنیا وڵات نییە کە کێشەیەکی ئاوای هەبێت.

مەکسیک

حکومەتی مەکسیک نەیتوانیوە گرووپە توندوتیژە بەکارهێنەکانی مادە هۆشبەرەکان لە کارەکەیان بوەستێنێ، ئەو گرووپانەی کە لە بەشی باشووری وڵاتەکە ئەو کارە ئەنجام دەدەن. بە وتەی (وڵ ستریت جۆرنال-Wall Street Journal) ' فڕاندن و پارە بەزۆر لە خەڵک ستاندن لەو بەشەی مەکسیک شتێکی باوە'. لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٩دا وەزارەتی بەرگریی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا (زۆر جار بە پنتاگۆن

ئاماژەی بۆ دەکرێ) ڕاپۆرتێکی بڵاو کردەوە و ئاگاداریی ئەوەی دابوو کە دەشێ مەکسیک لە مەترسیی ئەوە دابێ ببێتە دەوڵەتێکی شکستخواردوو. یەکێک لە کارە زۆرەکانی پێتاگۆن پێشبینیکردنی کێشە سەربازییەکانی ئایندەیە، کە دەشێ ویلایەتە یەکگرتووەکان تێوەبگلێنێ. شەڕی بەردەوامی ئێستای مەکسیک لەگەڵ ئەو گرووپانەی کە بازرگانی بە مادە هۆشبەرەکانەوە دەکەن، ئەوەندە ترسناک بووە، کە سەرنجی پێتاگۆن بۆ خۆی ڕابکێشێ. گرووپە بازرگانیکەرەکان بە مادە هۆشبەرەکان ڕێکخراوی تاوانکارن، کە چاویان لەسەر پەرەپێدان و کۆنترۆڵکردنی کڕین و فرۆشتنی مادە هۆشبەرەکانە. ئەو ڕێکخراوانە قەبارەکەیان لە نێوان کۆمەڵەیەکی ناتوندوتۆڵی بەشدارانی بچووکی مادە هۆشبەرە دروستکەرەکان و کۆمپانیا تاوانکارە باشڕێکخراوەکاندایە.

لە ساڵی ٢٠٠٩دا دیڤید شیرک کە لە پەیمانگای (Trans-Border)ی سەر بە زانکۆی سان دیگۆیە، ڕای گەیاند کە لە دانیشتنی لیژنەیەکی فەرعیی ئەنجومەنی نوێنەران لەسەر بازرگانی، ساڵی ڕابردوو شەش هەزار خەڵکی سیڤیل لە مەکسیک بە هۆی تاوانەکانی پەیوەست بە گرووپەکانی بازرگانیکەر بە مادە هۆشبەرەکان کوژراون. لە ئابی ساڵی ٢٠٠٩دا ڕۆژنامەی لۆس

ئەنجلۆس تایمز (Los Angeles Times) ڕاپۆرتێکی باڵاو کردەوە کە لەوەتی فیلیپ کاڵدیرۆن بووە بە سەرۆککۆمار، یانزە هەزار کەس لە جەنگی حکومەتی مەکسیک دژی گرووپەکانی بازرگانیکردن بە مادە هۆشبەرەکان کوژراون. فیلیپ کاڵدیرۆن لە ساڵی ٢٠٠٦دا بوو بە سەرۆککۆمار و خەڵکی مەکسیک بۆیە دەنگیان دا بە ئەو تاکو حکومەت دەست بکات بە جەنگ دژی گرووپەکانی بازرگانیکردن بە مادە هۆشبەرەکان.

لە ناوجەرگەی ئەو توندوتیژییەشدا حکومەتی مەکسیک نیشانەیەکی تری شکستهێنانی دەوڵەتی خستە ڕوو: لەدەستدانی متمانەی هاوواڵتیان بە حکومەتەکە. لە کتێبی "مەکسیک نابەزێ"ی جۆن گیبلەر (John Gibler) کە نێردراوێکی مافی مرۆڤی ڕێکخراوی (Global Exchange)ە، ڕوونی دەکاتەوە کە لە مەکسیک "کارمەندانی حکومەت ئەو تاوانبارانەی کە یەکجار زۆر لە لایەن دادگاوە داواکراون، دەپارێزن، لە هەمان کاتیشدا دژی ئەو تاوانبارانە دەجەنگن".

مەکسیک مێژوویەکی لەمێژینەی گەندەڵیی هەیە، کە شۆڕ دەبێتەوە بۆ ناو هەموو لقەکانی حکومەت. ئەمەش کاریگەرییەکی گەورەی کردووەتە سەر توانای حکومەتی مەکسیک بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی کاریگەرانە دژی گرووپەکانی بازرگانیکردن بە مادە هۆشبەرەکان

بجەنگن. بۆ نموونە، لە ساڵی ٢٠٠٨دا نۆی ڕامیرز ماندوجیانۆ، سەرۆکی نەهێشتنی بازرگانیکردن بە مادە هۆشبەرەکان لە لیژنەی لێکۆڵینەوەی تایبەتی مەکسیک بۆ تاوانە ڕێکخراوەکان گیرا، لەبەر ئەوەی مانگانە ٤٥٠٠٠٠ دۆلاری وەک بەرتیل لە گرووپەکانی بازرگانیکردن بە مادە هۆشبەرەکان وەرگرتبوو.

گەندەڵی لە دەزگاکانی پۆلیسی مەکسیکدا وای لە سەرۆککۆمار کالدیرۆن کرد کە بیستوپێنج هەزار سەرباز تەرخان بکات بۆ ئەوەی دژی گرووپەکانی بازرگانیکردن بە مادە هۆشبەرەکان بجەنگن. ئەو بڕیارەی سەرۆککۆمار کەوتە بەر ڕەخنەی هەندێک لە پارێزەرانی مافی مرۆڤ، وەک لویس ئاربۆر کە لە کۆمیسیاری باڵای مافی مرۆڤە لە نەتەوە یەکگرتووەکان. ئاربۆر لە تەلەفزیۆنی مەکسیک ڕای گەیاند کە بڕیاری تێوەگلاندنی سوپا لە جەنگی دژی گرووپەکانی بازرگانیکردن بە مادە هۆشبەرەکان "مەترسیدار" بوو، لەبەر ئەوەی سوپای مەکسیک میژوویەکی درێژی لە پێشێلکردنەکانی مافی مرۆڤدا هەیە.

لەگەڵ ئەو ئاماژە زۆر خراپانەی پەیوەستن بە جەنگی بەردەوامی مەکسیک دژی گرووپەکانی بازرگانیکردن بە مادە هۆشبەرەکان، زۆر لە چاودێران

وا هەست دەکەن کە ولاتەکە لەسەر لێواری بوون بە دەوڵەتێکی شکستخواردوو نییە. لاری ڕۆهتەر، پەیامنێری پێشووی ڕۆژنامەی نیوێورک تایمز بۆ کاروباری ئەمەریکای لاتین، لە بابەتێکدا کە بۆ ڕۆژنامەکەی ناردووە، باس لەوە دەکات لە کاتێکدا مەکسیک دەشێ ڕووبەڕووی کێشە لەگەڵ گرووپەکانی بازرگانیکردن بە مادە هۆشبەرەکانەوە ببێتەوە، بەڵام هەلومەرجەکان لەو ولاتەدا لەچاو دەیەی ڕابردوودا بە شێوەیەکی بەرچاو چاک بوون. ڕۆهتەر لە بابەتەکەیدا وتوێەتی: بە پێچەوانەی ئەو نهێنی و گومانەی کە دەوڵەتی یەک حیزبی هەیەتی، -ئەمڕۆ کە لە مەکسیک دەڕوانی، بە ڕوونی دەبینی کە دەوڵەتێکی دیموکراتییە- ئەو دیموکراسیەتە کەموکورتیی خۆی هەیە و بە ئاسانی تێک دەچێت، بەڵام کاریشی پێدەکرێت.

عەرەبستانی سعودیە

عەرەبستانی سعودیە ولاتێکی تر‌ە کە زۆر لە چاودێرانی سیاسی وا هەست دەکەن دەشێ ببێتە دەوڵەتێکی شکستخواردوو. خێزانی ئال سعود کە سیستەمێکی پاشاییە و حوکمڕانیی عەرەبستانی سعودیە

دەکات، کەوتووەتە بەر ڕەخنە لەسەر پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ. خێزانی ئال سعود لە ڕێی لێکدانەوەیەکی وردی یاسای شەریعەت حوکمڕانیی ئەو وڵاتە دەکەن. مافەکانی ژنان لەو وڵاتە زۆر بە توندی سنووردار کراون و ئەو هاوواڵاتییانەی بە هۆی ئەنجامدانی تاوانێکەوە تاوانبار دەکرێن، ڕووبەڕووی سزایەکی جەستەیی دڕندانە دەبنەوە. هاوواڵاتیانی سعودی ڕێگەیان پێنادرێت ڕەخنە لە حکومەت بگرن. میدیا سانسۆر کراوە و هەموو پارتێکی سیاسی قەدەغە کراوە. لە هەمان کاتدا هەندێک لەوە دەترسن کە تیرۆریزمی ئیسلامی حوکمی خێزانی پاشایی سعودی بڕوخێنێ و تەنانەت ببێتە هۆی ئەوەی کێشەی خراپتری لێبکەوێتەوە.

تیرۆریزم لە سعودیە بۆ زیاتر لە دە ساڵ لەوەوپێش دەگەڕێتەوە. تیرۆریستی هەرە بەناوبانگی جیهانی، ئوسامە بن لادن و لەگەڵ پانزە لە نۆزدە ڕفێنەرانی فڕۆکەکانی ١١ی ئەیلول هاوواڵاتیی عەرەبستانی سعودی بوون. لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٣دا عەرەبستانی سعودی تووشی زنجیرەیەک هێرشی تیرۆریستی بۆوە. ئەمەش وای لەو وڵاتە کرد کە هەڵمەتێکی خێرا و یەکلاکەرەوە بکاتە سەر تیرۆریزم. عەرەبستانی سعودی سەرکەوتوو

بوو له کوشتن و گرتنی ژمارەیەکی زۆر له ئەندامانی ئەلقاعیدە کە بەشێکی زۆری ئەندامانی ڕێکخراوەکەی ناچار کرد بۆ دەرەوەی وڵاتەکە هەڵبێن. بەم جۆرە ئەو ڕێکخراوە تیرۆریستییە گواستیەوە بۆ وڵاتی یەمەن، کە هاوسێی عەرەبستانی سعودیەیە.

لە ٣٠ ئابی ٢٠٠٩دا ئەلقاعیدە بەرپرسیارێتیی خۆی لە تەقینەوەی بۆمبێک ڕاگەیاند کە بوو بە هۆی بریندارکردنی میر محەمەد بن نایف. بن نایف ئەندامێکی باڵای خێزانی پاشایەتیی سعودیەیە و جێگری وەزیری ناوخۆ و بەرپرسی دژەتیرۆرە. تیرۆریستێک ڕۆیشتبوو بۆ ماڵی بن نایف و ئەو بۆمبەی کە شاردبوویەوە، تەقاندییەوە. ئەو ڕووداوە ئەوەی دەرخست کە هێشتا ئەگەر هەیە خێزانی پاشایی سعودیە بکەونە بەر هێرشی چەکدارە ئیسلامییەکان. لەگەڵ ئەوەی باشترین هەوڵ و کۆششی حکومەتی سعودیە هەیە و گەورەترین ئومێدی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کە بەو هەوڵانەیان هەیە، هێشتا عەرەبستانی سعودی دووبارە لە چارەسەرکردنی کێشەی تیرۆر.

تایلەند

تایلەند نموونەیەکی تری دەوڵەتێکە کە سەقامگیرییەکەی جێگەی گومان بێت. لە ساڵی ١٩٣٢ەوە، تایلەند حەڤدە دەستووری جیاوازی هەبووە. زۆر لە گۆڕانەکانی حکومەتێک بۆ حکومەتێکی تر تووندوتیژیی لەگەڵ خۆیدا هێناوە.

لە ساڵی ٢٠٠٦دا سوپای تایلەندی پادشایی کودەتایەکی کرد بە سەرۆکایەتیی جەنەڕاڵ سۆنسی بونیاراتگلین. ئەو ئەنجومەنە کە ئەنجومەنێکی سەربازی یان گرووپێکی سیاسی بوو، دوای ئەوەی دەسەڵاتی گرتە دەست، دەستی بەسەر هەموو تایلەنددا گرت. ئەنجومەنەکە ڕای گەیاند کە هاندەری کودەتاکەیان، گەندەڵیی بەرفراوان و پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ بووە، کە دەوڵەت بەرانبەریان تاوانبارە و لەژێر دەسەڵاتی سەرۆکوەزیران، تاکسین شیناواترە، ئەنجام دراوە. سوپا باری نائاسایی ڕاگەیاند و ئەندامانی کابینەی حکومەتەکەی شیناواترای گرت و سانسۆری خستە سەر میدیا. سەرۆکوەزیران درا بە دادگا، بەڵام هیچ بەڵگەیەک نەبوو کە پشتگیریی ئەو تاوانانەی گەندەڵی بکات، کە ئەوی پێ تاوانبار کرابوو. هەروەکو ئەو بەڵێنەی سەرکردەکانی کودەتاکە بە هاوواڵتیانیان دابوو، باری نائاسایی لابرا. لە ساڵی ٢٠٠٧، هەڵبژاردن لە

تایلەند کرا، بەڵام نەهێڵرا پارتە سیاسییەکەی تاکسین (Thai Rak Thai) بەشداری لە هەڵبژاردندا بکات.

بۆ بەدبەختی، ئەو هەڵبژاردنە کۆتایی بە قەیرانی سیاسی لە تایلەند نەهێنا. لە مانگی ئایاری ٢٠٠٨دا ساماک سوندارافیج کە لە کانوونی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٧ بە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران هەڵبژێررا، لە لایەن پارتێکی سیاسی کە پێی دەوترا هاوپەیمانی گەل بۆ دیموکراسی (PAD)، داوای لێکرا دەست لە کار بکێشێتەوە. ئەو پارتە دەیوت کە ساماک ئەڵقەلەگوێی تاکسینە و دەستیان کرد بە خۆپیشاندان دژی ساماک. ئەو هەڵوێستە لە ٢٦ی ئابی ٢٠٠٨دا بوو بە قەیران کاتێک خۆپیشاندەران دەستیان بەسەر تەلاری حکومەتدا گرت کە نووسینگەی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی تایلەندی لێبوو. دواتر ساماک لە پۆستەکەی لابرا. لادانی ساماک لە پۆستەکەی گرژیی سیاسیی وڵاتەکەی زۆر خاو نەکردەوە. سۆمچای ژنگساوات وەک سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لە جێگای ساماک دانرا. پارتی هاوپەیمانی گەل بۆ دیموکراسی (PAD) سۆمچای ڕەت کردەوە لەسەر ئەو بنەمایەی کە سۆمچای زۆبرای تاکسین شیناواترەیە. لە ئۆکتۆبەری ٢٠٠٨دا کێشەکان لەگەڵ سۆمچای گەیشتە ئاستێکی شلۆق کاتێک پارتی هاوپەیمانی گەل بۆ دیموکراسی (PAD) گەمارۆی

پەرلەمانی دا بۆ ئەوەی نەهێڵێ سۆمچای بە فەرمی هیچ سیاسەتێک ڕابگەیەنێ. مانگی دواتر، هێزەکانی پارتی هاوپەیمانی گەل بۆ دیموکراسی (PAD) دەستیان بەسەر فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی سوقارنبوونیدا گرت. هەرچەندە پارتی هاوپەیمانی گەل بۆ دیموکراسی (PAD) لە کۆتاییدا فڕۆکەخانەکەی جێ هێشت، بەڵام خۆپیشاندانە توندوتیژەکان هەر بەردەوام بوون. لە نیسانی ساڵی ٢٠٠٩دا شەڕ لە نێوان ئەو دوو گرووپە بوو بە هۆی ئەوەی حکومەت باری لەناکاو ڕابگەیەنێ.

ئەوەی بارودۆخی ولاتەکە خراپتر کرد، ئەوەیە کە حکومەتی تایلەند وێڕای ناسەقامگیرییش ڕووبەڕووی کێشەی تر بۆوە. لە ساڵی ٢٠٠٩دا تایلەند تووشی چەند هێرشێکی تیرۆریستیی چەکدارە ئیسلامییەکان بۆوە، کە داوای دەوڵەتێکی تایبەت بە خۆیان دەکرد. هەروەها تایلەند بە دەست بەڵای بازرگانی بە مادە هۆشبەرەکان و بازرگانیکردن بە مرۆڤەوە دەینااڵند. زۆر لە چاودێران نیگەران بوون لەوەی کە ئاژاوەی سیاسیی تایلەند و پێشێلکاریی مافی مرۆڤ و نەتوانینی حکومەتەکە سەبارەت بە کۆنترۆڵکردنی گرووپەکانی بازرگانیکردن بە مادە هۆشبەرەکان و تیرۆریستان ببنە هۆی ئەوەی دەوڵەتەکە ببێتە دەوڵەتێکی شکستخواردوو.

ئەنجام

پێشبینیکردنی شکستهێنانی ئایندەی دەوڵەتێک تەنیا پێشبینییە. مەکسیک و عەرەبستانی سعودی و تایلەند تەنیا سێ وڵاتن لە نێو زۆر وڵاتانی تردا کە دەشێ ببنە دەوڵەتی شکستخواردوو. هەرچەندە پرۆسەی دیاریکردنی شکسهێنانی دەوڵەت کارێکی شیکردنەوەی ئاڵۆز لەخۆ دەگرێ، بەڵام پرۆسەی چارەسەرکردنی دەوڵەتە شکستخواردووەکانیش پێشکەوتنێکی کەمی بە خۆیەوە بینیوە. هەندێک کرداری وەک بەشدارکردنێکی گەورەتر لە ئابووریی جیهان و گەشەپێدانی ژێرخانی نیشتیمانی، یارمەتیی هەندێک وڵاتی داوە بۆ چاککردنی هەڵوێستیان. هەرچۆنێک بێت، چارەسەری دیاریکراو بۆ دەوڵەتە شکستخواردووەکان نییە. ئەوەی لێی دڵنیاین، ئەوەیە کە ژیانی زیاتر لە یەک ملیار کەس و کاریگەرییەکانی تاوانە نێودەوڵەتییەکان و هەڕەشەکانی تیرۆریزم و جەنگی ناوکی ئەوانە هەموویان زۆر مەترسیدارن، کە نابێ فەرامۆش بکرێن.

کۆتایی

٢٠١٤/١١/١٨

سلێمانی

سوپاس وپێزانین

زۆر سوپاسی دۆستی خۆشەویستم بەڕێز (دکتۆر ڕەئوف عوسمان مەعروف) دەکەم کە بە لایەنی زمانەوانیی کوردییەکەی ئەم کتێبەدا چووەتەوە. هەر نموونەیان زۆر بێت.

دکتۆر بایەزید حەسەن عەبدوڵڵا
پرۆفیسۆری یاریدەر